# شارستانیەت و بەربەریەت و جیهانبینیی مارکسیانە بۆ مێژوو



**ئالان ودز**

دەوترێت هێنری فۆرد گوتوویەتی "مێژوو بێ مانایە(بەنك)"، بۆ ئەوانەی کە ئاشنانین بە ئاڵۆزیی زمانی باو یان سەرجادەی ئەمریکی، وشەی بەنك بۆ شتێك بەکاردێت کە بێمانایە و بێمانایی ئاماژەیە بە شتێك کە هەڵگری هیچ مانایەك نییە. ئەو گوتراوەی هێنری فۆرد کە زۆر سەرنجڕاکێش نییە، دەرپری بۆچوونێکە کە لە ساڵانی ڕابردوودا توانی هێز لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. دامەزرێنەری کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی جۆری فۆرد (هێنری فۆرد)، ئەو پێناسەیەی خۆی بۆ مێژوو دەستکاریکرد و ڕوونتریکردەوە: "مێژوو شتێکی نەعلەتی و بۆگەنە لە دوای شتێکی نەعلەتی و بۆگەنی دیکە"، ئەمە ڕەهەندێکی بینینی ئەو پێناسەیەیە . هەمان ئەو بیرۆکەیە بە شێوەیەکی جوانتر و باشتر لەلایەن پاڵپشتانی پۆستمۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنەکانەوە دەوترێتەوە و هەندێکیش بە فەلسەفەیەکی ڕەوای دەبینن. لەڕاستیدا، ئەم بیرۆکەیە هێندەش نوێ نییە، دەمێکە مێژوونووسی مەزنی ئینگلیز "ئیدوارد گیبۆن" لە کتێبی لاوازبوون و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم دا ئاوری لەمە داوەتەوە.

وەکو لە ڕستە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: "میژوو کەمێك لە ئەرشیفی تاوان و گەمژایەتی و بەدبەختی مرۆڤایەتی زیاترە".ئەوەی لەم بۆچوونانەوە دەستدەخرێت ئەوەیە کە مێژوو دەکرێت بە کۆمەڵێك ڕووداوی بێماناو هەڕەمەکی بەسەریەکدا کەڵەکەبووی بێ پەیوەندی. پێماندەڵێن کە هیچ ڕێسایەك بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان و تەنانەت شیکردنەوەشیان بوونی نییە ، هەروەها هەر هەوڵێك بۆ تێگەشتن لە مێژوو هەوڵێکی مەحکووم بە شکستە. ئەوەی دەکەوێتە نێو ئەم هەمەچەشنییەی ئایدیاکان، ئەو بیرۆکەیەیە کە لە هەندێك بازنەی ئەکادیمیدا باوە و پێیوایە کە هیچ فۆرمێکی گەشەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەناوی گەشەی بەرز یان نزم لەئارادا نییە. بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شتێك بەناوی "گەشە و پێشکەوتن"ەوە بوونی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا پروایانوایە کە ئەمە ئایدیایەکی کۆنی بەسەرچووی سەددەی نۆزدەیەمە پاش ئەوەی لەلایەن لیبراڵە ڤیکتۆرییەکان و سۆسیالیستە چاکسازیخوازەکان و کارل مارکسەوە بڵاوبویەوە. ئەم نکۆڵیکردنە لە بیرۆکەی گەشەکردن تایبەتمەندییەکی سایکۆلۆجیی بۆرژواییە لە قۆناغی لاوازبوونی سەرمایەو سەرمایەداردا. ئەوە ڕەنگدانەوەیەکی درووستی ئەوڕاستییەیە کە لە سایەی سەرمایەداریدا گەشە گەشتووەتە ئاستی کۆتاییەکانی و ترسی بەلارێداچوونی هەیە. چینی بۆرژواو ڕۆشنبیرانی نوێنەری ئەم چینە نایەنەوێت پروا بەم ڕاستییە بهێنن. لەمەش زیاتر، ئەمانە ناتوانن لەڕووی ئۆرگانییەوە درك بەم ڕاستییە بکەن .

لینین دەیگووت مرۆڤ کە هەر پێی دەکەوێتە کەناری لووتی شاخەوە ئیتر ناتوانێت بیربکاتەوە. هەرچەندە، نیگایان بۆ واقیع و ئێستایان ڕوون نییە و نازانن لە چی دۆخێکدان، پاشان لەهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بەهانەیەك بۆ ئەو نەبوونی دەرچەو ڕێگای ڕزگارییەی نێو سیستەم، لێرەوە بۆ داپۆشینی ئەم ترسەی سیستەم دەستدەکەن بە نکۆڵیکردنی هەر گریمانەو کرانەوەیەك بەرووی پێشکەوشتندا .تا ئەم ساتە، ئەم بیرۆکەیە هێندە ئاخنراوەتە نێو ئاگایی مرۆڤەوە کە تەنانەت پروانەبوونی بە "پەرەسەندنی دەرە-مرۆیی"شی گەیاندۆتە بنبەست. تەنانەت بیریارێکی بەتوانای وەکو "ستیڤن جەی گووڵد" کە تیۆری دیالێکتیکیانەی ئیکویلیبریا[1] کەی بووە هۆی گۆرینی دونیابینیمان بۆ پەرەسەندن، پێیوایە هەڵەیە ئەگەر پێمانوابێت گەشەی نێو پەرەسەندن لە نزمەوە بۆ

بەرزە، بەڵکو مرۆڤ و میکرۆب لە یەك ئاستدان. بەمانایەك، ڕاستە ئەگەر بڵێین هەموو زیندەوەران پەیوەستن بەیەکەوە (زانیارییە جێنەتیکییەکان ئەمەیان پشتڕاستکردووەتەوە). مرۆڤ بوونەوەرێکی بەرز و تایبەتی ئاسمان و میتافیزیك نییە، بەڵکو بەرهەمی گەشە و پەرەسەندنە. هەروەها بینینی پەرەسەندن وەك دیزاینی مەزن هەڵەیە، بۆ نموونە، ئەگەر وادابنێین کە پەرەسەندن جۆرێکە لە دیزاین بۆ ئامانجێکی تایبەت لەوانە بە نموونە درووستبوونی خوودی مرۆڤ خۆی. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەر بیرۆکەیەك ڕەتدەکەینەوە خێرا پەنابەرینەبەر پێچەوانەکەی و لێرەوە بکەوینەوە هەڵەی نوێوە.

ئەمە پرسیارێك نییە پەیوەست بە قبووڵکردنی جۆرێك لە پلانی پێشوەخت کە یان پەیوەندی بە دەستێوەردانی ئاسمانییەوە یان تێلیۆلۆژیاوە (کۆتایی ئامانجدار) هەبێت، بەڵکو ئەوە یاساکانی پەرەسەندنە لەهەناوی سرووشتدا کە فۆرمی گەشەی سادەو ساکار دەگەیەننە فۆرمی گەشەکردووی ئاڵۆز. خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە فۆرمی ئاڵۆزتر لە گەشە مانای سڕینەوەی فۆرمە سەرەتاییەکانی گەشە نییە چونکە هێشتان فۆرمە ئاڵۆزەکان فۆرمە سەرەتاییەکانی گەشەیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە. ئاساییە گەر بمانەوێت گەشەی چاوو و لاق و ئەندامەکانیتر بەبێ گەڕانەوە بۆ هەر پلانێکی پێشوەخت ڕوونبکەینەوە .لە قۆناغێکی دیاریکراودا، دەگەین بە گەشەی ناوەندی سیستمی نیورۆن و مێشك. لەکۆتاییدا لەگەڵ هۆمۆ ساپیەن[2] دا، دەگەینە ئاگایی مرۆڤ. ماددە لە خوودی خۆی بە ئاگا دێتەوە. وە تائێستا، هیچ شۆڕشێکی گرنگتر لە گەشەی ماددە (ژیان)ی نائۆرگانیك بۆ گەشەی ئۆرگانیك ڕووینەداوە.

لەپێناو ڕاگرتنی دڵی ڕەخنەگرانماندا ڕستەیەکیتر دەخەینەسەر ئەم دیدگایەمان. بێگوومان ئەگەر میکرۆبەکان بیانتوانیایە بیریانبکردایەتەوەو بۆچوونی خۆیان بخستایەتەڕوو ئەوا ناڕەزایی جدییان دەردەبڕی. هەروەها لەبەرئەوەی ئێمەش مرۆڤین بۆیە دەتوانین لە چاوی خۆمانەوە شتەکان ببینین. دووبارە پێداگری دەکەمەوە کە پەرەسەندن مانای گەشەکردن نییە لە فۆرم یان ژیانێکی نزمەوە بۆ

فۆرم و ژیانێکی بەرز. ڕەخنەکردنی ئەو بۆچوونە بێسوود دەکەوێتەوە، ئەم بۆچوونە زانستی نییە بەڵکو سکۆلاست[3] یانەیە. لێرەدا و لە وتنی ئەمەدا مەبەستمان بێحورمەتی نییە بەرامبەر بە میکرۆب کە بەلایەنی کەمەوە تەمەنی ئەوان لە تەمەنی ئێمە درێژترە، هەروەها ئەگەر سیستەمی سەرمایەداری نەڕوخێنرێت لەوانەیە هێشتاش دواپێکەنینی لەلابێت.

**کولتوور و ئیمپریالیزم**

ناتوانین پێمانوابێت کە فۆرم و ژیانی بەرزو نزم لەیەکتر جوودان ئەگەر نەمانەوێت ئازاری میکرۆب و بوونەوەرانیتر بدەین ، یان سوربین لەسەر ئەوەی کە بەربەریەکان نوێنەری فۆرمی ژیانێکی نزمترن لە گەشەی کۆمەڵایەتی و کلتوریدا بەبەراورد بە کۆیلەکان، چ جای ئەوەی بمانەوێت سەرمایەداری بە کۆیلایەتی و بەربەریەت بەراورد بکەین. تەنانەت هێشتان شتێکی گرنگمان نەوتووە گەر بڵێین بەربەریەکان خاوەنی کلتوری تایبەتی خۆیانبوون .ڕاستە گەر بڵێین لەو کاتەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکان کەرەستەی بەردینیان بەرهەمهێناوە، تا ئێستا هەر قۆناغەو کلتوری تایبەتی خۆی هەبووە. ئەم کلتورانە جێگەی بایەخ نەبوون تاکو بەم دواییە بوون بە جێگەی بایەخ. بۆرژووا هەمیشە مەبەست و مەیلێکی هەبووە بۆ دەستکەوتی هەندێك لە کلتورەکان و پشتگوێخستن و کەمنرخاندنی ئەوانیتر. لەپشتی ئەم جیاکارییەوە بەرژەوەندی ئەو کەسانە وەستاوە کە لە هەوڵی کۆیلەکردندان، لە هەوڵی سەپاندنی هەیمەنە و قۆرخکردنی ئەوانیدیکەدان، وە دەیانەوێت شکڵی ئەم سەرکوتکردن و قۆرخکارییەیان لەژێر پەردەی دووڕوویی بەناوی باڵایی کلتور و جیاکاری کلتوریدا بگۆڕن و بشارنەوە .

مەسیحییەکانی باکوری ئیسپانیا(پاشماوەکانی گۆسە[4] بەربەرییەکان) لەژێر چەتری پۆلێنکردنی باش و خراپی کلتوورەکان سیتمی ئاودێری و کلتوری دەوڵەمەندی ئیسلامی ئەندەلووسیان وێرانکرد و پاشان بەربوونە وێرانکردنی کلتووره دەوڵەمەندو گەشەسەندووەکانی مەکسیکییەکان و ئینکاسەکان لەبەرزاییەکانی پیرۆ. لەژێر هەمان ئاڵادا، داگیرکەرە بەریتانی و فەرەنسی و ئەڵمانییەکان بەشێوەیەکی سیستماتیك دانیشتووانی ئەفریقا و ئاسیا و ناوچەی زەریای هێمنیان کۆیلەکرد .بەوەشەوە نەوەستان کە خەڵکەکەیان بچووککردەوە بۆ خراپترین جۆری کۆیلایەتی، تەنها سەروماڵیانیان تاڵانەکرد بەڵکو ڕۆحیشیان لێسەندن. بانگەشەکارانی ئاینی مەسیحی ئەو کارەیان تەواوکرد کە سەربازەکان و گوێزەرەوەی کۆیلەکان دەستیانپێکرد، تاڵانکردنی شووناسی کلتوریی ئەو دانیشتووانانە. هەموو ئەمانە بێدووڵی ڕاستن بۆیە پێویستە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر کلتورێکدا ڕێزی شیاو لە شوناس و جیاوازییەکانیان بگیرێت. هەموو سەردەم و خەڵکێك بەشێوەیەك لە پرۆسەی وێرانکردن و گەشەکردندا بەشداربووەو شتێکی خستووەتە سەر خەرواری کلتوریی دەستەجەمعییانەی موڵکی مرۆڤایەتی. بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموو کلتوورەکان یەکسانن و هەر کلتورێك وەکو کلتورێکیتر باشە؟ ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ناتوانین پێداگیری لەوەبکەین کە جیاوازی هوونەری لەنێوان هونەری چاخی بەردین و سەردەمی پەیکەرەکەی داوود لەلایەن مایکڵ ئەنجیلۆدا نییە؟ بەکورتی، ئایا ناتوانین دەربارەی گەشە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بدوێین؟ لە لۆجیکدا، میتۆدێکی باو هەیە کە ئارگومێنت تا ئاستی پووچێتی کورتدەکاتەوە ئەویش بە درێژکردنەوەی تا ئەوپەڕی یان بۆ پێچەوانەکەی و پەڕەکەیتری. جۆرێك لەم درێژکردنەوە بۆ پەڕەکەی تر لەنێو ئاراستەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای مۆدێرن و مێژوو و کۆمەڵناسیدا بەدیدەکرێت .

ئەوە ڕاستییەکی ڕوونە کە لە جیهانی سەرمایەداریدا تا زیاتر زانست لە کۆمەڵگە نزیکتر دەبێتەوە ئەوا زانست کەمتر زانستی دەبێتەوە، ڕوونتر، زانست زانستی بوونی خۆی زیاتر لەدەست دەدات. ئەوانەی پێیاندەوترێت زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەڕاستی زانست نین، بەڵکو هەوڵی شاراوەی نەخۆشانەن بۆ شەرعیەتدات بە سەرمایەداری، یان بۆ تێکدان و لەکەدارکردنی مارکسیزم (کە

ئەمیش بەهەمان شێوە شەرعیەتدانە بە مارکسیزم). ئەمە بۆ ڕابردوو زۆر درووستبوو کاتێك دەوترا ئەنترۆپۆلۆژیستەکان هەموو هەوڵێکی خۆیانیاندا بۆ شەرعیەتدان بە کۆیلایەتی نەژادە دوواکەوتووەکان لەڕێگای ناشرینکردن و بەکەمگرتنی کولتوورەکەیان. بەڵام دۆخی ئێستا لە ڕابردوو باشتر نییە کاتێك دەبینین هەندێك قووتابخانە پەنایان بردووەتە بەر ئەو پەڕەکەی تر. هەڵەش نین کە دەڵێین ئیمپریالیستەکان بەمەبەستەوە سووکایەتی یان نکۆڵی کلتوری مرۆڤە دوواکەوتووەکانیاندەکرد، لەوانە ئەفریقا و ئاسیا. شاعیری پاش-ئیمپریالیزمی ئینگلیزی "کیپلینگ" بەم شێوە باسی مرۆڤی سەر بە ئەو کلتورانەی دەکرد: "بەبێ یاسا لە مرۆڤ کەمتر "

بێ گوومان ئەم ئیمپریالیزمە کلتورییە بریتی بوو لە لە شەرعیەتدان بە کۆیلەکردنی ملیۆنان مرۆڤ. هەروەها، ئەوەش درووستە کە بەربەریترین و نامرۆڤانەترین کردارەکانی ڕابردوو نادیدەدەکرێت کاتێك دێینە سەر ئەو مەترسیانەی کە لەسایەی سیستمێکی شارستانی وەك سەرمایەداری و هاوەڵەکەی کە ئیمپریالیزمە لەسەر ژیانی مرۆڤ. پارادۆکس و دژیەکییەکی پروکێنەر و تاڵ ئەوەیە کە دەبینین مرۆڤایەتی تاکو توانای بەرهەمهێنان و زانست و تەکنەلۆجیای زیاتر دەکات، مەینەتی و برسێتی و سەرکووتکردن و ڕەزالەتی زۆرینەی دانیشتووانی جیهانیش زیاتر دەبێت .ئەم ڕاستییە چیتر بۆ پاڵپشتەکان و داکۆکیکارانی ئەم سیستەمەش شاراوە نییە. بەڵام هیچ شتێکیش ناکەن بۆ باشترکردنی. یان ناتوانن، چونکە پێیانوایە کە ڕێگای ڕزگاری و چاککردنی کەلێن و ناکۆکییەکانی نێو ئەم سیستمە هەر لەنێو خۆیدایە. هەرچەندە ئەوە بە تەنها بۆرژووازییەکان نین کە گەشتن بە هەر دەرئەنجامێکی پێویست ڕەتدەکەنەوە.

ئەمە ڕاستە تەنانەت بۆ زۆرێك لەوانەی کە خۆیان بە چەپ و ڕادیکاڵ دەبینن. هەندێك کەسی نیاز پاك هەن، بۆ نموونە، ئەوانەی کە پێیانوایە سەرچاوەی هەموو کێشەکانمان گەشەی زانست و تەکنیك و پیشەسازییە و ڕزگاری گەڕانەوەیە بۆ ژیانی پێش سەرمایەداری. ڤیکتۆریانەکان[5] نیگایەکی یەك ئاراستەو یەك لایەنەیان هەبوو بۆ مێژوو کە وایاندەبینی بریتییە لە ڕۆشتنێکی

دەستەجەمعی بۆ سەرکەوتن، ڕۆشتنێکی ڕێلێنەگیراو بەرەو پێشکەوتن و ڕۆشنگەری کە لەلایەن سەرمایەداری ئینگلیزییەوە سەرکردایەتی دەکرێت.بریتانیای شارستان و پرچەك بە ئینجیل(هەروەها بە کۆمەڵێك کەشتی جەنگیی و کانون و چەکی بەهێزەوە) ڕۆشت بۆ هند و ئەفریقا لەپێناو ناساندنی خۆشگووزەرانیەکانی ڕۆژئاوادا بە خەڵکە ناشارستان و جاهیل و نەزانەکانی ئەو ناوچانە. ئەوانەی کە ئامادە نەبوون بچنە نێو چاکسازی کلتوری بریتانی و بێلجیکا و هۆڵەندا و فەرەنسا و ئەڵمانیا بەزوویی بە فیشەك عاقڵ و فێرکران .

ئێستا، بۆرژووا لە چوارچێوەیەکیتری عەقڵیدا کاردەکات. ڕووبەڕووی بەڵگەی کارەساتی سەرمایەداری گلۆباڵ بووەتەوە، کەوتوونەتە گێژاوی نادڵنیاییەوە، ڕەشبینن و پێشبینییەکانیان بۆ داهاتوو پڕ لە ترسە. ئەو گۆڕانیانەی کە بە باڵای پێشکەوتنی مرۆییدا دەوتران ئێستا لەناو واقعی ئەمڕۆی جیهاندا نەشازن. وشەی پێشکەوتن لەسەر زمانمان قورس بووە. ئەم قوورسبوونەی زمانمان لە ئاست پێشکەوتندا لەخۆڕا نییە. خەڵکی خەریکە لەوە تێدەگات لە دەیەی یەکەمی سەددەی بیست و یەکدا پێشکەوتن گەشتووەتە خاڵی موتڵەقی وەستان. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو خوولانەوە ئەبەدییە یان نەبوونی ڕێگای ڕزگارییەی نێو سەرمایەدارییە کە پوتێنشیاڵی پێشکەوتنی لەناو سیستمدا تا ئاستی کووشتن ماندووکردووەو دواجار کردوویەتی بە کۆسپێکی کووشندە لەبەردەم گەشەی بەشەریەتدا. تا ئەم ئاستە- تەنها تا ئەم ئاستە- مەحاڵە بتوانین دەربارەی پێشکەوتن بدوێین.بەڵام ئەمە یەکەمجار نییە کە ئەم مەیل و ئارەزووە دەبینین. ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لە ماوە درێژەکەی لاوازبوونیدا کە پێش ڕووخان و کەوتنی هات، زۆرێکی بەو پروایە گەیاندبوو کە کۆتایی دونیا نزیك بووەتەوە. ئەم بیرۆکەیە لەناو مەسیحییەتدا زۆر کاریگەرە کە ناوەڕۆکی کتێبی "ئاشکرابوون" دەربارەی ئەپۆکلپس[6] . خەڵك پروای بەوە هێنابوو کە دونیا کۆتایی پێدێت. لەڕاستیدا، ئەوەی کۆتای پێدەهات سیستمێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی-ئابووری بوو- سیستمی کۆیلایەتی کە گەشتبووە دواسنوورەکانی و نەیدەتوانی چیتر هێزەکانی بەرهەمهێنانی گەشەپێبدات وەك ئەوەی کە لە ڕابردوودا دەیکرد.

دیاردەیەکیتری نزیك لەمە لە سەددەکانی ناوەڕاستدا هەستپێدەکرا، کۆتایی دونیا، کاتێك بیرۆکەی هاوشووناسی یان هاوخۆیەتی زاڵبوو. دەستە دەستە خەڵك بەشداریی ڕێورەسمی خۆپاککردنەوەییان دەکرد کە لەلایەن خەڵکانێکەوە سەرپەرشتی دەکرا هەمیشە لە گەشتی ئەوروپادابوون، تێیدا لەڕێگەی لەخۆدان و سزادانەوە دەیانویست مرۆڤایەتی لە گووناه و خراپەکارییەکان پاکبکەنەوە وەك ئامادەکاری بۆ ڕۆژی دوایی. دووباره لێرەدا، ئەوەی کۆتایی پێدەهات دونیا نەبوو بەڵکو سیستمی دەرەبەگایەتی بوو کە چیتر سودی نەمابوو، لەکۆتاییدا لەلایەن دەرکەوتنی بۆرژواوە ڕوخێنرا.هەرچەندە، ئەو ڕاستییەی کە دەڵێت کاتێك فۆرمێکی کۆمەڵایەتی-ئابووری لە ڕووی مێژووییەوە لە سوود کەوت ئەوا دەبێتە کۆسپێکی کۆنەپارێزانە لەبەردەم پێشکەوتنی مرۆییدا مانای ئەوە نییە کە پێشکەوتن چەمکێکی بێمانایە.ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە ڕابردوودا پێشکەوتن ڕوویەنەداوە تەنانەت لە نێو سەرمایەداریشدا، یان پێشکەوتن لە داهاتوودا ڕوونادات پاش ئەوەی سەرمایەداری لەناو دەبرێت. بەهۆی ئەوەمەوە، بیرۆکەیەك کە لە یەکەم نیگادا وادەردەکەوێت زۆر گرنگ بێت کەچی دەبێتە بەرگرییەکی دەمامکدار لەپێناو سەرمایەداری و دژ بە سۆشیالیزم. تەنانەت بچووکترین شاردنەوەی ئەم ئایدیایە دەبێتە هۆی دەستبەرداربوون لە هەر هەڵوێست و پێگەیەکی شۆرشگێرانەو کەوتنە داوی کۆنەپارێزییەوە.

**ماتریالیزمی مێژوویی**

کۆمەڵگە بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە. مێژوو لە هەوڵی تۆمارکردن و شیکارکردنی ئەم گۆڕانانەدایە. بەڵام ئەو یاسایانە چین کە بڕیار لە گۆڕانی مێژوویی دەدەن؟ ئایا ئەم یاسایانە هەر بوونیان هەیە؟ ئەگەر نین، ئەوا دەتوانین بڵێین کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین لە مێژووی مرۆڤایەتی تێبگەین، وەك ئەوەی گیبۆن و هێنری پروایانوابوو. هەرچەندە، مارکسییەکان بەم شێوە مامەڵە لەگەڵ مێژوودا ناکەن. هەروەکو ئەوەی کە پەرەسەندنی ژیان یاساگەلێکی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە کە دەتوانرێت شیبکرێنەوە وەکو ئەوەی کران، سەرەتا لەلایەن داروین و پاشانیش لەلایەن توێژینەوەی جێنەتیکییەوە.

هەروەها یاساکانی گەشەی کۆمەڵگا بۆ مارکس و ئەنگلز ئەوانەن کە دۆزیبیانەوەو شیانکردنەوە ئەوانەی کە ئینکاری بوونی ئەم یاسایانەی گەشەی کۆمەڵایەتی دەکەن ئەوانەن کە بە شێوەیەکی سوبێکتیڤ و ئەخلاقیانە لە مێژوو دەڕوانن. وەك "گیبۆن" سەریان سوردەمێنێ لە نمایشی ناکۆتای توندوتیژیی بێ هەستانە، "نامرۆڤایەتی مرۆڤ دژ بەخوودی مرۆڤ خۆی". لە جیاتی دیدێکی زانیستیانە بۆ مێژوو دیدێکی پرۆتێستانتی بەدەستدەهێنین. ئەوەی لێرەدا پێویستە گووتارێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو قووڵی و وردی عەقڵییە. پێویستە لەودیو ڕاستییە پەراوێزخراوەکانەوە مەیل و ئاراستە بەرفراوانەکان، گۆڕانەکان لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی دیکە و هەروەها دەستنیشانکردنی هێزە جووڵێنەر یان پاڵنەرە بنەڕەتییەکانی ئەم گۆڕانانە، بینین. بە بەکارهێنانی میتۆدی دیالێکتیکی ماتریالیزمی مێژوویی بۆماندەردەکەوێت و ڕووندەبێتەوە کە مێژووی مرۆڤ بەدەر نییە لە یاساو ئەمەش بەو دەرئەنجامەمان دەگەیەنێت کە دەتوانین وەکو پرۆسەیەك لە مێژوو تێبگەین .بەشێوەیەکی زانستی لە ڕێگەی توانین و نەتوانینەوە لە گەشەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە دەتوانرێت سەرهەڵدان و کەوتنی فۆرمەڵەبوونە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان ڕوونبکرێتەوە، لێرەشەوە برەودان بە ئاسۆکانی کلتوری ئینسان و فراوانبوونی هەیمەنەی مرۆڤ بەسەر سرووشتدا هاتەکایەوە.مارکسیزم جەخت لەوە دەکاتەوە کە گەشەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ملیۆنان ساڵدا ئاماژەیە بۆ پێشکەوتن، بەڵام ئەم پێشکەوتنە هەرگیز لەسەر یەك هێڵی ڕاست ڕووینەداوە، وەك ئەوەی کە ڤیکتۆریانەکان دیدگایەکی تەواو نادیالێکتیکیانەیان هەبوو بۆ پەرەسەندن .

یەکەم بنەمای ئارگومێنتی ماتریالیزمی مێژوویی بریتییە لەوەی کە دوا سەرچاوەی گەشەی مرۆڤ یەکسانە بە گەشەی هێزی بەرهەمهێنان. ئەمە گرنگترین دەرئەنجامە چونکە ئەمە تەنها ڕێگەیە بۆ گەشتن بە چەمکی زانستیانەی مێژوو . مێژوو، پێش مارکس و ئەنگلز وەکو زنجیرەیەك لە ڕووداوی ناپەیوەست و بێ پەیوەندی بەیەکترەوە دەبینرا. هیچ ڕوونکرنەوەیەکی گشتی سەبارەت بەمە لە ئارادا نەبوو، مێژوو بێ ناواخن و وەك هەڵگری بێ هیچ ناوەڕۆکێك دەبینرا. هێندەی پروا بەم بۆچوونە دەهێنیین ڕاستەوخۆ و لەگەڵ ئەمەشدا پروا بەوە دەهێنین کە ئەوەی لە پشتی ڕووداوە

مێژووییەکانەوەیە ڕۆڵ و کاریگەری یەك بە یەکی تاکەکانە . بەمانایەکیتر، ئێمە بەهۆی بۆچوونی ئایدیالیست و سوبێکتیڤمانەوە سەبارەت بە پرۆسەی مێژوویی چەپین. ئەمە پڕوای سۆسیالیستە یۆتۆپییەکان بوو، ئەوانەی سەرەڕای قووڵی و ڕەخنە بەهادارەکانیان دژ بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی باڵادەست لە تێگەشتنی یاسا بنەڕەتییەکانی گەشەی مێژوویی شکستیان هێنا. بۆ ئەوان، سۆسیالیزم تەنها "بیرۆکەیەکی باش"بوو، ئایدیایەك کە دەکرا هەزاران ساڵ پێش ئێستا یان بەیانی بیری لیبکرایەتەوە، وەك ئەوەی بڵێین ئەگەر هەزار ساڵ پێش ئێستا سۆسیالیزم بدۆزرایەتەوە ئەوا زۆرێك لەم کێشانەی ئەمڕۆ نەدەبوون و یەخەیان نەدەگرتین.

ئەوە مارکس و ئەنگلز بوون بۆ یەکەم جار توانییان پێمانبڵێن کە لە ڕیشەوە ئەوەی لە پشتی گەشەی مرۆییەوە وەستاوە هێزەکانی بەرهەمهێنانە، لێرەوە توانییان خوێندنەوەی مێژوو بخەنە سەر ڕێچکەیەکی زانستیانە. لەبەرئەوەی یەکەم مەرجی زانست ئەوەیە کە لە بینینی تایبەت ڕزگارماندەبنێت و بەدوای یاسا گشتییەکاندا دەگەڕێین. بۆ نموونە، مەسیحییە سەرەتاییەکان کۆمۆنیست بوون (هەرچەندە کۆمیونیزمەکەیان یوتۆپیانەبوو، بنەماکەی بەکارهێنان بوو نەك بەرهەمهێنان). ئەزموونە کۆمینیزمییەکەیان نەیگەیاندنە هێچ کوێ، لەبەرئەوە نەیانیگەیاندە هیچ شوێنێك، چونکە گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنانی ئەو کات ڕێگەینەدا بە گەشەی کۆمیونیزمێکی ڕاستەقینە.

زۆر نییە کە لە هەندێ بازنەی چەپدا ئینکارکردنی پێشکەوتن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بووە بە دەرکەوتەیەکی پەسەند. بەشێوەیەکی جوزئی، ئەم ئاراستانە نوێنەرایەتی بەرپەرچدانەوەیەکی تەندروست دەکەن دژ بە ئیمپریالیزمی کەلتوری و سەنتەرگەرایی ئەوروپی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد. دەوترێت کە هەر کەلتورێکی بەشەری یەکسانە بە کلتورێکی دیکە.  لەم ڕێگەوە، ڕۆشنبیری پێشکەوتووخوازی ئەوروپی پێیوایە توانیویەتی قەرەبووی ئەو دەستدرێژی وماڵویرانییە سیستماتیکە بکاتەوە کە لەلایەن باوباپیرانییەوە ئەنجامدراوە، چونکە تا هەنووکە ئەو تاڵانکردنە لەژێر دەمامکی ترو بە فۆرمی ترەوە ئامادەیە. لەوانەیە مەرامەکانی ئەم خەڵکە شایانی باسکردن بێت بەڵام پێش بیرو

بنەماکانی هەڵەن. لە خاڵی یەکەمدا، ئەوە ئاسودەییەکی بێ چێژە کە بۆ ملیۆنان مرۆڤی چەوساوەو قۆرخکراوی ئاسیایی و ئەفریقی و ئەمریکای لاتین درك بەوە دەکەن کە ئێستا دووبارە کلتورەکانیان لەلایەن ڕۆشنبیرە ئەوروپییەکانەوە دۆزراوەتەوەو و ڕێزیان لێدەگرن. ئەوەی پێویستییە لێرەدا ئاماژەی ڕەمزی و ڕادیکالیزمی تێرمینۆلۆژی و زمانەوانی نییە بەڵکو ململانێیەکی ڕەسەن و سەرسەختە دژ بە ئیمپریالیزم و سەرمایەداری لە ئاستێکی جیهانیدا .

هەرچەندە، بۆ ئەوەی ئەم ململانێیە سەربکەوێت، پێویستە بخرێتە سەر بنەڕەت و ڕێچکەیەکی تووندووتۆڵ. مەرجی پێشتر بۆ سەرکەوتن بریتی بوو لە جەنگێکی بەردەوام لەپێناو تیۆری مارکسیزمدا. بەڵام پێویستە ئەم جەنگە بکەین بە جەنگ دژ بە سەرجەم چەشنەکانی حوکمی باڵادەستی ئامادە یان پریاری بێ بەڵگەی ڕاسیستانە و ئیمپریالیستیانە. بەڵام پێویستە بۆ بەگژداچوونی ئایدیایەکی ناتەواو خۆمان بۆ زۆر دوور ئامادە نەکەین، چونکە هەر هێندەی ئایدیایەکمان بۆ ئەوپەڕی درێژکردەوە ئەوا پێچەوانەکەیمان دەستدەکەوێت. مێژووی مرۆڤایەتی هێڵێکی نەپچڕاوی پێشکەوتن نییە. بەدرێژایی ئەوەی هێڵێك بەرزدەبێتەوە هێڵێکیش دادەبەزێت. ئەو زەمەنە مێژووییانە زۆرن کە کۆمەڵگە بە هۆکاری جیاوازجیاواز گەڕاوەتەوە بۆ دواوە، پێشکەوتن پچڕاوە و شارستانیەت و کولتوور تووشی لاوازی و وێرانبوون هاتوون. ئەوروپای پاش کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم نموونەیەکی دیارە، کە بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی و هەروەها کوردییشدا بەم سەردەمە دەوترێت سەددە تاریکەکان. بەمدواییە، هەندێك ئەکادیمیست مەیلی دووبارە نووسینەوەی مێژوویاندا بۆ ئەوەی جۆرێك ڕەوایەتی بدەن بە بەربەرییەکان. ئەمە نەك بەو مانایەی کە زانستیتر یان بابەتیتر نییە بەڵکو بە سادەیی لەبەر ئەوەی منداڵانەیە.

لەماوەی ڕابردوودا، کەناڵی چواری بریتانی دەستیکرد بە پەخشکردنی زنجیرەیەکی سێ بەشی بەناوی "بەربەریەکان"، کە لەلایەن "ڕیچارد ڕەگلی" ئەنترۆپۆلۆژیست و نووسەری کتێبی" شارستانییەتە وونبووەکانی چاخی بەردین"ەوە پێشکەشدەکرا. پاش تەماشاکردنی بەشی

دووەمی کە لەسەر ئەنگلس و ساکسۆن و قەبیلە ئەڵمانییەکان بوو لە داگیرکردنی دوورگەکانی بریتانیادا، توانیم تێگەشتنێکی باش دەربارەی تێزەکەی ڕەگلی بنیاتبنێم. پێیوایە کە ئەوان کۆمەڵگایەکی شارستانتریان لەوەی کە داگیریانکرد بەجێهێشت.ڕەگلی دەڵێت "پشتبەستنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان بە کۆیلایەتی گۆردرا بۆ کۆمەڵگایەکی باشتر کە تێیدا هانی خەڵك دەدرا بۆ فێربوونی کار و بەهرەی کاری دەستی و گرنگی پێدەدرا.

بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی پێوایانوایە کە شەرعییەت و گرنگی ڕۆم بۆ بریتانیا بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بوو بەڵام دواتر لەلایەن خێڵە بەربەریەکانەوە بە توندوتیژی و داگیرکاری لە سەددە تاریکەکاندا تەنرابوو. ڕەگلی دەڵێت: لە گەشتەکەمدا بۆ تێگەشتن لە سەددە تاریکەکان، پەیم بەوە برد کە ئەو شتانەی لای من بە بەهان ڕەگوریشەکانیان نەك لە شارستانیەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا هەیە، بەڵکو لەناو ئەو جیهانەدایە کە بەربەریەکان لە وێرانەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمەوە بنیاتیاننا.

ڕەگلی پەی بە دۆزینەوەیەکی گرنگ برد: ساکسۆنەکان دەیانزانی چۆن کەشتی دروستبکەن-تەنانەت کەشتی خێراش. پێیوایە کە بەربەریەکان خاوەنی لێهاتوویی زۆربوون و بوون بە هۆکاری هێنانی ئەم لێهاتووییانەبوون بۆ ئەم کەنارانە و بڵاوبوونەوەیان. دەڵێت: بەهرەکانیان بێ پایان بوو. تەنها بە گەڕانەوەیەك بۆ تەماشاکردنی کاری کانزایی و دارین و خشڵ لەم دەمەدا ئەم لێهاتوویەمان بۆ ڕووندەبێتەوە. بەڵام ڕۆمانەکان سەرەڕای دروستکردنی کەشتی توانییان ڕێگا و کەناڵی ئاودێری و شارو زۆر شتی دیکە بنیات بنێن. ڕەگلی دەیپەرژێتە ڕوانین بەسەر وردەکاری کەم بایەخ وەك ئەوەی کە ئەم دەستکەوتانە لەلایەن بەربەریەکانەوە یان وێراندەکران یان بەتەواوی پشتگوێدەخران. ئەمانە بەسەر یەکەوە سەردەمەکەیان ڕووبەڕووی کارەسات و لێژبوونەوەی کێرڤی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و کلتور کردەوە بە ڕادەی گەڕانەوەی مێژووی ناوچەکە بۆ هەزار ساڵ پێش خۆی. لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە ووشەی زاری شارەزایەکی خەنجەر-دروستەکەر (هێکتە

کۆڵ) دەهێنێتەوە کە دەڵێت: ئاسنگەرانی خەنجەری ساکسۆنەکان خەبیرو شارەزا بوون کە دەیانتوانی دەمی خەنجەری ڕێك 600 ساڵ پێش یابانییەکان درووستبکەن. هەموو قەبیلە بەربەریەکانی ئەو سەردەمە کارامەی بواری شەڕبوون و ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو کە بەربەریەکان توانییان هەموو هۆکارەکانی بەرگریکردنی ڕۆمانەکان تێکبشکێنن .

تەنانەت ڕۆمانەکانی تەمەنی کۆتایی ئیمپراتۆریەتەکە دەستیانکرد بە لاساییکردنەوەو دووبارەکردنەوەی توانا سەربازییەکانی بەربەریەکان، بۆ نموونە، بەکارهێنانی تیری کورت کە لەلایەن هانەکانەوە گەشەی پێدرابوو. بەڵام هیچ یەکێك لەمانە مانای ئەوە نییە کە بەربەریەکان لە ئاستی پێشکەوتنی ڕۆمەکاندا بوون. ڕەگلی پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشێت کە هاتووچۆ دەریایی و ئاوییەکانی ئەنگلس و ساکسۆنەکان بۆ نێو خاکی بریتانیا داگیرکاری بەکۆمەڵی جەنگاوەران نەبوو بەڵکو بەهۆی گروپی بچووك بچووکی ئارامی کۆچبەرەوەبوو کە بۆ پەناگە دەگەڕان. لێرەدا دوو شتی نائومێدانە بەیەکدا تێکەڵدەکات. گومانێك لەوەدا نییە کە بەربەریەکان بەدوای ناوچەی جوگرافیدا دەگەڕان بۆ نیشتەجێبوون. هۆکارەکانی کۆچی بە کۆمەڵ لە سەددەی پێنجدا هەمەچەشن بوون. تیۆرێك هەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە گۆڕانی کەش و هەوا بووبەهۆی ئەوەی لە ناوچە کەناراوەکانی ئەو شوێنانەی کە ئێستا بە هۆڵەندا و باکوری ئەڵمانیا ناودەبرێن ئاستی دەریا بەرزببێتەوە و بیانکات بە ناوچەی نەگونجاو بۆ ژیان.

بۆچوونێکی دیکەی ترادشناڵ ئەوەیە کە ئەمانە لە ژێر فشاری هۆزەکانی تردا لە ڕۆژهەڵاتەوە کۆچیانکردبێت. بەهەموو پێشبینییەکانەوە، هەردوو ئەم هۆکارەو هۆکاری تریش بەشداربوون. بەگشتی، دەتوانین هۆکارەکانی ئەم کۆچە بە کۆمەڵانە بخەینە ژێر ناونیشانی ڕووداوی مێژووییەوە. ئەوەی گرنگە ئەو دەرئەنجامانەن کە بۆ مێژوو بەرهەمیاندەهێنن یان دەیخەنە سەر مێژوو. هەروەها ئەم دەرئەنجامانەیە کە مایەی گفتوگۆو ناکۆکی بووە . توندووتیژی نەبووبوو بە ڕووکاری سەرەکیی پەیوەندییە سەرەتاییەکانی نێوان ڕۆمەکان و بەربەریەکان. چەند سەددەیەك بوو کە بازرگانی لەگەڵ

ڕۆژهەڵاتدا زۆر گەشەی کردبوو، هۆزەکانی ئەو ناوچانەی کە لەپەیوەندی بازرگانیدابوون لەگەڵ ڕۆمانەکاندا کەوتبونە ژێر کاریگەری زۆری ڕۆمەکانەوە. زۆرێکیان بووبوون بە کرێگیراو و خزمەتی سەربازییان دەکرد .

ئەلارك کە یەکەم سەرکردەی گۆسك بوو پێیخستە نێو خاکی ڕۆمەوە تەنها سەربازێکی پێشووی ڕۆم نەبوو بەڵکو مەسیحییش بوو. هەروەها یەکەم ساکسۆنەکان ڕۆشتنە نێو بەریتانیاوە نیشتەجێبوو و بەکرێگیراو و بازرگانی ئاشتیخواز بوون. ئەمە لەژێر ئەو نەریتەدابوو کە لەلایەن پاشای بەریتانی بەڕۆمانی کراو "ڤۆرتیگێرن"ەوە پاش جێهێشتنی فیرقە سەربازییەکان ئەوانی بانگهێشتگردبوو بۆ بەریتانیا. بەڵام لەم خاڵەدا، شیکارییەکەی ڕەگلی دەست بە شکستی خۆی دەکات. ڕەگلی ئەو خاڵە گرنگە لەبیردەکات کە نەتەوە شارستانەکان و بەربەریەکان هەمیشە لە بازرگانیدابوون کە لەهەمانکاتدا و بەبێ جیاوازی تێکەڵەیەك بوو لە چەتەیی و سیخوڕی و جەنگیش . بازرگانە بەربەریەکان هەمیشە سوودیان لە خاڵە بەهێزو لاوازەکانی نەتەوە هاو-کارو بازرگانەکانیان وەردەگرت. ئەگەر ئاماژەی لاوازی لە لایەنەکەی تری بەرامبەریانەوە دەربکەوتایە ئەوا بازرگانییە ئاشتیخوازانەکە دەگۆڕا بۆ دەستدانە چەك و داگیرکاری و تاڵانی و ڕاورووت. هێندە بەسە کە پەیمانی کۆن بخوێنینەوە بۆ تێگەشتن لە پەیوەندیی نێوان هۆزە ئیسرائیلییە کۆچەرییە-شوانکارەکان و سامییە کۆنەکان کە وەکو خەڵکی شاری و مەدەنی دەناسران و لە پێشکەوتندا پێگەیەکی کلتوریی بەرزتریان هەبوو .

ئەو پێداگرییەی کە ڕۆمانەکان پێگەیەکی کلتوریی بەرزتریان لە بەربەریەکان هەبوو لەو ڕاستییەی خوارەوادا بە ئاسانی دەردەکەوێت. هەرچەندە بەربەریەکان توانییان ڕۆمانەکان داگیربکەن بەڵام زۆری نەخایاند کە بەربەریەکان لەناو ڕۆمانەکاندا توانەوە، تەنانەت زمانەکەیان لەدەستداو دیالێکتێکی لاتینیان هەڵگرتەوە. فرانکەکان (دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە یەکیان گرتەوەو ئێستا فەرەنسایان پێکهێناوە) ئەوانەی کە ناوی ئێستای فەرەنسایان هێنایەبوون هۆزێکی ئەڵمانی بوون زمانەکەیان پەیوەستبوو بە زمانی ئەڵمانی مۆدێرنەوە. لەگەڵ هۆزە ئەڵمانییەکاندا کە ئیتالیا و ئیسپانیایان

داگیرکرد هەمان شت ڕوویدا . ئەوەی ئاوارتەیەکی ڕوون بوو بۆ ئەم یاسایە لەوڕاستیەدا دەردەکەوێت کە ئەنگلو و ساکسۆنەکان لە داگیرکردنی بەریتانیادا لە سێلتکە پێشکەوتووە ڕۆمییە-بەریتانیەکاندا نەتوانەوە. زمانی ئینگلیزی سەربە زمانی ئەڵمانییە لەگەڵ تێکەڵەیەکی فەرەنسی نۆرمانی سەدەی یازدەدا. لەڕاستیدا، ژمارەی وشە سێڵتیکییەکان[7] لە زمانی ئینگلیزیدا زۆرنین لەکاتێکدا ووشە عەرەبییەکانی نێو زمانی ئیسپانی گەلێك زۆرن. ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو عەرەبانەی ئیسپانیا پێگەیەکی کلتوری بەرزتریان هەبوو لەو مەسیحییانەی کە بە ئیسپانی دەدوان و داگیریان کردبوون. تەنها ڕوونکردنەوەی شیاو ئەوەیە کە بەربەرییە ئەنگلۆ-ساکسۆنەکان[8] ( ئەوانەی کە بەڕێز ڕەگلی بە ئاشتیخواز و باش ستایشیاندەکات) دەبێت سیاسەتێکی جێنۆسایدیان دژ بە سێڵتیکەکان بەکارهێنابێت لە دەستبەسەرداگرتنی ئەو زەوییانەی کە لە جەنگی خوێناویدا لەپێناو داگیرکاریدا بەرپایانکردبوو .

**سێنتمێنتاڵیزم (سۆزگەرایی) و زانست؟**

لێرەوە دەتوانین ڕێسایەکی جێگیر داپڕێژین: گروپێکی داگیرکەر کە پێگەو ئاستی کلتوورییان نزمترە لە گروپێکیتری داگیرکراو کە لە پێگەیەکی کلتوری بەرزتردان، ئەوا داگیرکەر لە کلتوریی داگیرکراودا دەتوێتەوە و پێچەوانەکەشی ڕاستە. لەوانەیە هەندێك هاورانەبن و بڵێن هەمان هاوکێشە ڕاستە لەسەر ئەو یاسایەی کە ژمارەی داگیرکاران کەمتربوون لە داگیرکراوان. بەڵام ئەمە توانای خۆڕاگرتنی نیە لەبەردەم تاقیکردنەوەدا. لەسەرەتاوە، وەك ئەوەی ڕەگلی گفتوگۆی دەکات و دەڵێت لە ڕاستیدا ژمارەی زۆر گەورە بەشداربوون لە کۆچکردندا. پاشان، نموونەی مێژوویی زیاتر لەبەردەستدان کە دەتوانن پێچەوانەکە دووپاتبکەنەوە . ئەو مۆنگۆلانەی کە هندیان داگیرکرد هێزێکی فەرمانڕوایی خێزانییان بنیاتنا کە تاکو دووبارە داگیرکردنەوەی هیندستان لەلایەن بەریتانیاوە درێژەی کێشا بەڵام ئەو کات بەتەواوی لە شێوازی پێشکەوتووتری ژیانی هندیدا تواوبوونەوە. ڕێك و پێك هەمان شت لە چیندا دووبارە بووبویەوە، هەرچەندە کاتێك کە بەریتانیەکان هند داگیردەکەن، بەریتانیەکان لە ناو کلتوری هندیدا نەتوانەوە بەڵام بەپێچەوانەوە، وەك ئەوەی مارکس ڕوونیدەکاتەوە، بەتەواوی

کۆمەڵگای کۆنی هندی کە تەمەنی هەزاران ساڵ بوو لەلایەن بەریتانیەکانەوە وێرانکرا. ئەمە چۆن مومکین بوو؟ تەنها لەبەرئەوەی کە بەریتانیا سیستمێکی گەشەکردووی خێرای سەرمایەداریی هەبوو، یان لە پێگەیەکی بەرزتری پێشکەوتندا بوو بەبەراورد بە هند .

بەدڵنیاییەوە، دەکرێت بڵێین پێش هاتنی بەریتانیا، هندییەکان خاوەن پێگەیەکی بەرزی پێشکەوتنی کلتوری بوون. هەرچەندە، داگیرکارە ئەوروپاییەکان وەکو نیوە-بەربەری لە هندییەکانیان دەڕوانی. لەسەر بنەمای پێوەری بەرهەمهێنانی ئاسیاییە کۆنەکان، کلتوری هندی گەشتبوو بە ئاستی باڵا. دەستکەوتەکانیان لە بواری هونەر و پەیکەرتاشی و بیناسازی و مۆسیقا و شیعردا ناوازە بوو، تەنانەت کاریگەرییان خستبووە سەر نوێنەرە زیاتر شارستانەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی. ئەمە یەکسانبوو بە بڵاوەپێکرنی ئەو بەریتانیانەی کە وادەردەکەوت مەدەنیتربن لە کردە پەڕگیرو دڕندانەکان کە تێیدا هندییەکانیان لەڕێگەی پێکهاتەیەك لە فێڵ و درۆ و کوشتن و کۆمەڵکوژییەوە وێرانکرد. هەموو ئەوانە ڕاستن، بەڵام هێشتان بەتەواوی خاڵە گرنگەکەی لەبەرچاونەگرتووە. ئەو پرسیارە سەرەکیی کە دەبێت بکرێت ئەوەیە: بۆچی بەریتانیەکان لە کلتوری هندییەکاندا نەتوانەوە وەك ئەوەی مەنگۆلەکان تێیدا توانەوە؟

سەرەڕای هەموو ئەوە، لەم بارەدا، ڕاستە کە ژمارەی ئەو بەریتانیانەی لە هنددا نیشتەجێبوون زۆر نەبوون کاتێك بەراورد دەکرێت بە کۆمەڵە چەند سەد ملیۆنییەکەی ئەم نیمچە کیشوەرە(هند و دانیشتوانەکەی). بەڵام ئەوە هندییەکان بوون پاش دوو سەد ساڵ فێری زمانی ئینگلیزی بوون نەك ئینگلیزەکان فێری زمانی هندی ببن.ئەمڕۆ، نیو سەددە پاش جێهێشتنی هند لەلایەن بەریتانیەکانەوە، ئینگلیزی زمانی فەرمی هندە لەگەڵ ئەوەی کە لینگۆ فرانکا[9] ی هەموو هندی و پاکستانییەکی خوێندەوارە. چۆن بتوانین لەمە تێبگەین؟ تەنها لەڕێگەی ئەو ڕاستییەوە ئەمە ڕووندەکرێتەوە کە سەرمایەداری نوێنەرایەتی ئاستێکی بەرزتری پێشکەوتن لە دەرەبەگایەتی و مۆدی بەرهەمهێنانی ئاسیایی دەکات. ئەمە ڕاستییە چارەنووسسازەکەیە. بۆ سەرکۆنەکردن و

ڕەخنەکردنی ئەمە پێویستمان بە دژوەستانە بەرامبەر بە "ئیمپریالیزمی کەلتوری"، موتڵقەن گومانێك سەبارەت بە کردەی بەربەریانەی ئیمپریالیستەکان لەئارادا نییە. بەڵام لە گۆشەنیگایەکی زانستیانەوە ئەم کۆمێنتانە زۆر دوورمان ناخەنەوە . خوێندنەوەی مێژوو لە گۆشەنیگای سۆزگەرایی یان سێنتمێنتاڵییەوە نەك هەر بێسوودە بەڵکو لە بێسوود بێسودترە. مێژوو ئەخلاقیات نازانێت و بەگوێرەی هەندێك یاسای هەمەچەشن کاردەکات. ئەرکی هەر کەسێك کە ئاواتەخوازی تێگەشتنە لە مێژوو پێش هەموو شتێك وەلاخستنی هەر توخمێکی ئەقلاقیانەیە، لەبەرئەوەی هیچ ئەخلاقیاتێکی سەرو-مێژوویی بوونی نییە- نەبوونی ئەخلاق لەئاستی گشتیدا- ئەوەی هەیە ئەخلاقیاتی تایبەت و تاك تاکە کە پەیوەستن بە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکانەوە، هەروەها بە بارودۆخە کۆمەڵایەتی-ئابووریەکانەوە و هیچ یەکێك لە ئەخلاقیاتە تایبەتەکان سەروومێژوویی نین و پەیوەندییان بە دەرەوەی زەمەنەکانیانەوە نییە. بەهۆی ئەمەوەیە لە دیدێکی زانستییەوە بەراووردکردنی ستاندارەدە ئەخلاقییەکانی ڕەفتارکردن لەلای بۆ نموونە ڕۆمانەکان و بەربەریەکان، بەریتانیەکان و هندییەکان، مۆنگۆلەکان و سینیەکان  بێمانا دەکەوێتەوە. کردەی نامرۆڤانەو بەربەریانە لە هەموو سەردەمە مێژووییەکاندا ئامادەییان هەبووە، بۆیە ئەگەر ئەمە بکەین بە پێوانە بۆ ڕەگەزی مرۆیی ئەوا دەتوانین بە ڕەشبینترین دەرئەنجامەکان بگەین وەك ئەوەی زۆرێك بەم دەرئەنجامانە گەشتوون.  وەکو بابەتی حەقیقەت، هەموو کەسێك دەتوانێت بڵێت هەر هێندەی ئاستی پێشکەوتن بەرزتر دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئازارو نەهامەتییەکانی زۆرینەی مرۆڤایەتی زیاتر دەبێت.

بارودۆخی جیهان لە دەیەی یەکەمی سەددەی بیست و یەکدا باشترین نموونەی ئەم پێشکەوتن و زیادبوونەی نەهەمەتییەکانی مرۆڤە لەهەمانکاتدا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پیشەسازی.خەڵکانێك بەو دەرئەنجامە گەشتوون کە لەوانەیە کێشەکە ئەوەبێت پێشکەوتنی زۆر بەدیهاتووە، زۆر بەرەوپێشەوەچووینە، شارستانییەت زیاد لە پێویست گەشەیکردووە. ئایا ئێمە بەختەوەرتر و خۆشگوزەرانتر نەدەبووین ئەگەر بە ژیانێکی سادەی کشتووکاڵی ژیابایین وەك ئەوەی بەبێ تراکتۆر زەوییەکانمان بکێڵایە و جلەکانمان بەدەست بچنیایە و خۆمان نانمان بکردایە؟ بەمانایەکیتر، ئایا باشتر

نەبوو بگەڕێنیایەتەوە بۆ بەربەریەت؟لە باردودۆخی ناهەمواری کۆمەڵگای ئێستاو جیهانی ئەمڕۆ لەژێر سایەی سەرمایەداریدا، دەتوانین لەوە تێبگەین کە زۆرن ئەوانەی دەیانەوێت لەم واقیعە تاڵە هەڵبێن و کاتژمێرەکانیان بۆ چاخی ئاڵتوونی بگێڕنەوە. بەڵام کێشەکە ئەوە نییە کە ئەوان ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو چاخە بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە ئاوها چاخێکی زێڕینی لەم جۆرە هەرگیز بوونی نەبووە.

ئەوانەی (بەتایبەتی چینی ناوەڕاست) کە هەمیشە باس لەم گەڕانەوەیە بۆ سەیروسەمەرەکان و خۆشیەکانی ژیانی کۆنی کشتووکاڵی دەکەن هیچ هۆشیارییەکیان سەبارەت بە ناخۆشی و نەهامەتییەکانی ئەو سەردەمانە نییە. با ئێستا بەنموونە گووتەی ڕاهیبەیەك لە دەستنووسەکانی سەددەی ناوەڕاستدا بهێنینەوە کە جیا لە کەسە بەجۆشەکانی سەددەی نوێی مۆدێرن دەیزانی ژیان لە سایەی دەرەبەگایەتیدا چۆنە. ئەمە کورتەی نووسەرێکی سەددەکانی ناوەڕاستە، ڕاهیبەیەك کە ناوی "ئەیلفریك"بوو، کتێبێکی بۆ وتنەوەی گفتوگۆی لاتین لە وونچستەر نووسیبوو کە ئەو گفتوگۆیەی خوارەوەی نێوان ئاغا و جوتیارێکی لەخۆگرتبوو :

ئاغا: جووتیار چۆنی، چۆن کار بەڕێدەکەیت؟

جووتیار: گەورەم بەباشی کاردەکەم. هەر کە گزنگی خۆر دەکەوێت گاکان دەخەمە ناو کێڵگەکەو نیڵ ەکەیان لێدەبەستم بۆ دەستکردن بە جووت. هەرچەندە زستانەکەی زۆر سەختە بەڵام لە ترسی لۆردەکەمدا(خاوەن زەوی) ناوێرم لەماڵەوە بمێنمەوە، پاش بەستنی نێڵ[10]ەکە، هێش[11] و گاوەسن[12] ەکەش پێکەوە دەبەستم، ئەبێت هەر ڕۆژەو بەلایەنی کەمەوە دۆنمێك جووتبکەم .

ئاغا: خۆت بە تەنهای؟

جووتیار: کوڕێکی گاڕام[13] بەدەستم لەگەڵدایە بۆ گاکان، بەڵام ئێستا تووشی قوڕگ ئێشەو قفە[14] بووەو سنگی دەخیزێنێت.

ئاغا: ڕۆژانە چیی تر دەکەی؟

جووتیار: زۆر لەوە زیاتر دەکەم. ئەبێت توورەکەی گاکان پڕ لە کا بکەم و ئاویان بدەمێ، پاشانیش پاشاڵەکان فڕێبدەمە دەرەوە.

ئاغا: بۆ ئەوە کارێکی قورسە؟

جووتیار: بەڵێ قورسە لەبەرئەوەی ئازاد نیم .

بەدڵنیاییەوە ئەو گفتوگۆیەی سەرەوە پێمان دەڵێت کە  دوو هەفتە ئیشی پشت شکێن چارەسەرە بۆ هەموو وەهمێکی ڕۆمانتیکیانەی کەلە ڕەقانە. چی ئازارێکە کە ناتوانین سەفەرێکی کورت بە تایم مشین[15]  (مەکینەی کات) بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی ئەم جوتیارو ئاغایە ڕێکبخەین.

**بەربەریەت چییە؟**

وشەی بەربەریەت لە سیاقی جیاوازجیاوازدا بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێت. تەنانەت دەتوانێت ببێتە دەربڕی هێزی ئیهانەکردن بۆ ئەو هاندەرانەی تۆپی پێ کە زیاد لە سنووری خۆیان بە حەماسن و ڕەفتاریان بە بەربەری ناودەبرێت. بۆ یۆنانییە کۆنەکان کە یەکەم کەس بوون لە بەرهەمهێنانی ئەو وشەیەدا، بەربەریەت بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرا کە نەیاندەزانی یان نەیاندەتوانی بە زمانی یۆنانی بدوێن. بەڵام بۆ مارکسییەکان، ئەم ووشەیە ئاماژەیە بۆ ئەو قۆناغەی نێوان کۆمیونیزمی سەرەتایی و سەرەتای کۆمەڵگای چیندار، ئەو کاتەی کە چینەکان درووست بوون و دەڵەتیشیان بەدوای خۆیاندا هێنا. بەربەریەت قۆناغی گواستنەوەو تێپەڕینە لە قۆناغی یەکەمەوە بۆ قۆناغی دووەم، ئەو قۆناغەی کە تێیدا کۆمیونی کۆن دەکەوێتە لێژی و چینەکان و دەوڵەت دەست بە چێبوون و فۆرمەڵەبوون دەکەن. وەکو هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکانی تر لەنێویاندا دڕندەیی، قۆناغی کۆمەڵگا ڕاوشکارییەکان لەسەر بنەمای کۆمیونیزمی سەرەتایی کە بەرهەمهێنەری هونەری ناوازەی نێو ئەشکەوتی فەرەنساو ئیسپانیای باکوورە. بەدڵناییەوە بەربەریەکان خاوەنی کلتور بوون و توانییان بابەتی هونەریی ئاڵۆزو گرنگ بەرهەمبهێنن .تەکنیکەکانیان بۆ جەنگ ئەوە پیشاندەدات کە توانایەکی زۆریان لە ڕێکخستندا

هەبووە، هەروەها تواناکانیان لەو کاتەدا ڕوونبوویەوە کە هێزە ڕۆمانیەکانیان بەزاند. تەنانەت ڕۆمانەکان دەستیانکرد بە کۆپیکردنی تاکتیکە سەربازییەکانی بەربەریەکان و تیروکەوانی کورت کە بۆ شەڕ بەسەری پشتی ئەسپەوە بەکاردێت داهێنا کە دواتر لەلایەت خێڵی هانەکان و ئەوانیترەوە گەشەی پێدرا.

مێژووی بەربەریەت بەشێکی گەورەی مێژووی مرۆڤایەتیی داگیرکردووە، ئەم ماوەیەی بەربەریەت دابەشبووە بەسەر ماوەی کورتتری جیاوازدا. بەشێوەیەکی گشتی، تایبەتمەندییەکەی بریتییە لە گواستنەوە لە جۆری بەرهەمهێنانی ڕاووشکارییەوە بۆ ئاژەڵداری و کشتوکاڵی، ئەمە لە چاخی بەردینەوە "پەیلۆ لیسك[16] "ەوە تاکو "نیۆلیسیك[17] " چاخی بەردینی نوێی بەربەریەت بۆ ئاستێکی بەرزتری بەربەریەت لە چاخی برۆنزدا. خاڵی وەرچەرخانە گرنگەکە بریتی بوو لەوەی کە "گۆردۆن چیلْد" ناویلێنا شۆڕشی چاخی بەردینی نوێ کە بازدانێکی گەورەبوو بۆ پێشەوە لە پێشکەوتنی توانای بەرهەمهێنانی مرۆڤ، لێرەوە کلتوریش گەشەیکرد. بۆیە چێلْد گووتی: ئێمە زۆر قەرزداری بەربەریەتی پێش خوێندەوارییین. هەموو بەرهەمێکی ڕووەکیی خووراوی ئاوەدێر لەلایەن کۆمەڵگەیەکی بەربەری بێناوەوە دۆزرابوەوە. (ج. چیلْد، چی لە مێژوودا ڕوویدا، پ.64)

ئەمە منداڵدانی گەشەکردنی شارو شارۆچکەو نوسین و پیشەسازی و هەموو شتێکیتربوو کە بوون بە بناغەی ئەوەی پێیدەوترێت شارستانیەت. ڕەگووڕیشەکانی شارستانیەت لە ناو بەربەریەتەوە هاتوون و دەدۆزرێنەوە، تەنانەت لە کۆیلایەتیشدا. پێشکەوتنی بەربەریەت بە ژیانی کۆیلایەتی کۆتاییهات، یان ئەوەی مارکس بە شێوە بەرهەمهێنانی ئاسیایی ناویدەبات.  ناتوانین و تەنانەت هەڵەیە ئەگەر بمانەوێت بەشدارییی بەربەریەکان لە پێشکەوتنی مرۆڤ تا ئەم ساتە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بکەینە دەرەوە. بەربەریەکان لە فۆناغێکدا ڕۆڵیان هەبووە، ڕۆڵێکی کاریگەرو گرنگ. ئەوان خاوەنی کلتور بوون، تەنانەت لەو ساتەی کە ئەوان تێیدا دەژیان کلتوری بەربەریەکان گەشەسەندوو و چاولێکراوبوو . مێژوو ناوەستێت. پێشکەوتنی زیاتری هێزەکانی بەرهەمهێنان بووبەهۆی

سەرهەڵدانی فۆرمی نوێی کۆمەڵایەتی-ئابووری کە چۆنایەتیی باشتریان لەگەڵ خۆیاندا هێنا. شارستانیەتی مۆدێرن وەکو ئەوەی هەیە بەرئەنجامی داگیرکارییە گەورەکانی میسرو میزۆپۆتامیا و دۆڵی ئیندەس و ئەوانیتری هاوشێوەیە لە یۆنانەوە تاکو ڕۆم.

هەروەها بەبێ نکۆڵیکردن لە کلتورو کاریگەری بەربەریەکان، مارکسییەکانیش هیچ دوودڵییەك لە پشتڕاستکردنەوەی ئەوە ناکەن کە لەڕووی مێژووییەوە کلتورەکانی میسرو یۆنان و ڕۆم لە منداڵدانی بەربەریەتەوە سەریانهەڵدابوو و هەر ئەمانەش بوون جێگەی بەربەریەتیان گرتەوە. نکۆڵیکردنی ئەم ڕاستییە یەکسانە بە نکۆڵیکردنی لە هەموو ڕاستییەکی تر .

### ڕۆڵی کۆیلایەتی

ئەگەر چاوێك بە کۆی پرۆسەی مێژووی مرۆڤایەتیدا بخشێنین، یەکەم شت کە بەرماندەکەوێت ئەو هێواشی و پێشکەوتنە هەنگاو بەهەنگاو و لەسەرخۆیەیە کە مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕیوە. پەرەسەندنی بەرەبەرەی مرۆڤایەتی یان بوونەوەری هاوشێوەی مرۆڤ پەرەسەندنی مەرج و بارودۆخی ئاژەڵیانە نییە  بەڵکو پەرەسەندن و گۆڕانی بارودۆخی مرۆیانەیە کە بەدرێژای ملیۆنان ساڵ ڕوویانداوە. یەکەم قۆناغ کە بە ژیانی دڕندەیی یان دڕندەئاسا ناویدەبەین تایبەتمەندبووە بە ئاستێکی زۆر نزمی پێشکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کە تەنها ئامرازە بەردییەکانی تێدا درووستکرا و شێوە ژیانی ڕاووشکاری تێدادەرکەوت. ئەم قۆناغە لە مێژووماندا بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی هەبوو . ئەم فۆناغە لەسەرەتای دەرکەوتنی بەربەریەتەوە دەست بە خێرابوون دەکات ( بەتایبەتی لەگەڵ شۆڕشی چاخی بەردینی نوێ) کاتێك یەکەم کۆمەڵگا جێگیرەکان بوون بە شارۆچکە وەکو "جێریکۆ" کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 7000 ساڵ پێش زایین .هەرچەندە، گەشەیەکی گەورەی لەناکاو لە میسرو میزۆپۆتامیا و دۆڵی ئیندەس و هەروەها صین و ئێران و یۆنان و ڕۆمدا سەرهەڵدەدات.

بەدەرپرینێکیتر، پێشکەوتنی کۆمەڵگەی چینایەتی بەر گۆڕنێکی گەورە لە هێزەکانی بەرهەمهێنان دەکەوێت و لەدەرئەنجامدا کلتوری مرۆی دەگاتە ئاستێکی بەرز کە تا ئێستا ڕوویندەداوە. یۆنانی و ڕۆمانەکان دەڵێن ئەمە شوێنی ئاماژەبۆکردنی هەموو دۆزینەوەکان نییە، دیمەنێکی بەناوبانگ لە فیلمەکەی مۆنتی پیسۆن بەناوی "ژیانی بریان"، کە "جەنگاوەرێکی ئازادیی" لەڕادەبەدەر بەجۆش پرسیارێکی ڕەوانبیژانە دەکات و دەڵێت: تا ئێستا ڕۆمانییەکان چییان بۆ کردووین؟ بەهۆی بێزارییە زۆرەکەیەوە لیستێك وەڵامی بۆ ئامادەدەکات. نابێت وەکو ئەم کارەکتەرە خەیاڵییە بکەوینە دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵەوە! بەڵام، ئەمە جێگەی قبووڵ نییە چونکە یۆنانی و ڕۆمانەکان لە کۆیلایەتییەوە سەرچاوەیانگرتووە کە دەزگایەکی قێزەون و نائینسانییە. دەستکەوتە گرنگەکانی ئەسینایە کۆنەکان لەسەر کۆیلایەتی بنەغەی گرتووە. ديموکراسيی ئەسینا- لەوانەیە پێشکەوتوترین ديموکراسی دونیا بێت- ديموکراسیی کەمینەیەکی ئازادبوو. زۆرینە- کۆیلەکان- هیچ مافێکیان نەبوو. ماوەیەك پێش ئێستا نامەیەکم پێگەشت کە نەویستانە کۆمەڵگای کۆیلە بە بەربەریەت بەراوورد دەکات. من بەشێك لەو نامەیە دادەڕێژمەوە :

"لەڕاستیدا کۆمەڵگا سەرەتاییەکان نابەربەریترین کۆمەڵگاکانبوون لە مێژووی جیهاندا. بۆ نموونە، شەڕو جەنگی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان تەنها ڕیتواڵی و تەشریفاتی بووە و بێ قووربانی بووە. بەربەریەتی نازیزم و جەنگەکانی بەڵکان تایبەتمەندییەکی نموونەیی سەرمایەدارانەیان هەبوو. بەربەریترین ڕاستییەکان لە مێژوودا دەرئەنجامەکانی کۆمەڵگای چینایەتین". ئەو ڕستانەی سەرەوە پرسیاری جەنگ نەك ماتریاڵانە بەڵکو ئەخلاقیانە دەوروژێنێت. جەنگ هەمیشە بەربەریەت بووە. جەنگ پەیوەستە بە کووشتنی ئەوانیترەوە بە ڕێکوپێکترین شێوە. هەمووومان دڵنیاین لەوەی کە جەنگی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بە بەراوورد بە جەنگەکانی دونیای مۆدێرن کەمترین کووشتارو قوربانییان لێکەوتووەتەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەو بەربەریەتە گەورەیەی جەنگە مردێرنەکان پێشکەوتنی زانست و تەکنیکە لەبەرئەوەی ڕێگای تەواوی بۆ بەرهەمهێنان لەبەردەم مرۆڤدا کردووەتەوە، نەك تەنها لەڕێگەی پیشەسازی و کشتوکاڵەوە بەڵکو تەنانەت لەسەر مەیدانی

جەنگیش. ئەنگڵز ئەوە لە "ئەنتی-دوهرین"دا ڕووندەکاتەوە کە چۆن لە مێژوودا تێگەشتن لە جەنگ تەنها لە ڕێگای پێشکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە درووستدەبێت. ڕۆمانەکان بەهرەو توانای کووشتنیان زۆر لە بەربەریەکان زیاتربوو(بەلایەنی کەمەوە ئەو ماوەیەی کە دەسەڵاتیان زۆربوو)، هەروەها ئێمەش لەم چرکە ساتە مێژووییەدا توانای کوشتنمان لە ڕۆمانەکان زیاترە.

مارکسیەکان لە گۆشەنیگایەکی ئەخلاقییەوە لە مێژوو ناڕوانن. جوودا لە هەر شتێکیتر، هیچ شتێك نییە بەناوی ئەخلاقیاتی سەروو-مێژوو. هەر کۆمەڵگایەك خاوەنی ئەخلاقیات و ئاین و کلتوری تایبەتی خۆیەتی کە ئاستی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایانە پیشاندەدەن، بەلایەنی کەمەوە ئەو ماوەیەی کە پێیدەڵێین شارستانیەت، هەروەها بەرژەوەندییەکانی چینێکی تایبەت .بۆ دەستنیشانکردنی باش و خراپەی جەنگ ناتوانین پشت بە کەم و زۆری یان چەندێتیی قووربانییەکانی جەنگ ببەستین، زۆر لەمە کەمتر لە دیدی ئەخلاقیانەی ئەبستراکتەوە. لەوانەیە بتوانین بەشێوەیەکی گشتی جەنگ ڕەتبکەینەوە بەڵام شتێك هەیە کە نکۆڵیی ناکرێت: بەدرێژایی کۆی مێژووی مرۆڤایەتی: هەموو پرسیارە گرنگەکان بەم شێوە چەسپیوون. ئەمە بۆ هەردوو ناکۆکی و ململانێی نێوان نەتەوەکان (جەنگەکان) و چینەکان (شۆڕشەکان)یش درووستە .لێرەوەیە کە هەڵوێست و نیگامان بۆ کۆمەڵگا و کولتورێکی تایبەتی کورت نابێتەوە بۆ بۆچوونی ئەخلاقیانە. لە گۆشەنیگای ماتریالیزمی مێژووییەوە، ئەمە بابەتی بێلایەنییە کە بەربەریەکان(تەنانەت باوباپیرانیشم سەربە سێڵتە کۆنەکانن) سەرپڕ بوون و مرۆڤیان بە زیندوویی دەسووتاند و دەیانخستنە نێو پەیکەرە زەمیلەوەو ئاهەنگی هاوینەیان لەسەر دەگێڕان .

نەفرەتلێکردنیان لەو ڕاستییە عەقڵانیتر نییە کە ئەوان بە هەمان شێوە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی خشڵ و زێڕو خوێندنەوەی شیعر بوون وەك ستایش. ئەوەی بڕیار لە پێشکەوتن و دواکەوتنێکی مێژووییانە دەدات پێش هەموو شتێك توانای پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانە- بنەڕەتی واقیعیانەی ماتریاڵییە کە کلتوری مرۆیی لێیەوە سەرهەڵدەدات و پێشدەکەوێت.هۆکاری ئەوەی کە

پێشکەوتنی مرۆییانە هێندە جەرگبڕانە لەو ماوە درێژەدا هێواش بووە بەوردی پەیوەستە بە پێشکەوتنی لەسەرخۆی هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە. پێشکەوتنی ڕاستەقینە هەر لە قۆناغی بەربەریەتەوە دەستپێدەکات، وەکو ئەوەی لە سەرەوە باسمانکرد.ئەمە لە ساتەوەختە مێژووییەکەیدا گەشەیەکی ڕوولەپێش بووە، بەڵام تێپەڕینراوە، نەفیکراوە و جێگەگیراوە لەڕێگەی فۆرمێکی بەرزترەوە کە کۆیلایەتییە. هێگڵی پیر، لە قووڵییەوە دەنووسێت: "ڕزگاریی کۆی بەشەریەت بە تێپەڕبوونی بە قۆناغی کۆیلایەتیدا زۆر لە ڕزگاریی خوودی کۆیلەکان لە کۆیلایەتی گەورەترە. "ڕۆمەکان هێزی دڕندەئاسایان لە کپکردن و ملکەچکردنی ئەوانیتردا بەکاردەهێنا، هەموو شارەکانیان خستەوە سەر یان فرۆشتەوە بە کۆیلایەتی، هەزاران دیلی جەنگیان لە یاری سێرکدا بۆ چێژلێوەرگرتن لە مەیدانی گشتیدا سەربڕی، هەروەها هەندێ میتۆدی نوێی لە سێدارەدان و لە خاچدانیان داهێنا. بەڵێ، هەموو ئەمانە بە پێرفێکتی ڕاستن .لەگەڵ ئەوەشدا هێشتان کاتێك دێینە سەر شوێنی سەرهەڵدانی شارستانیەتی مۆدێرن، کلتوری مۆدێرن، ئەدەبی مۆدێرن، هونەری بیناسازیی مۆدێرن، زانستی پزیشکیی مۆدێرن، زانست و فەلسەفەی مۆدێرن و تەنانەت زمانیشمان، ئەوا لە وەڵامدا دەڵێین کۆی ئەمانە لە یۆنان و ڕۆمەوە هاتوون. زەحمەت نییە گەر بمانەوێت لیستێك لە تاوانی ڕۆمانەکان ( یان لۆردە دەرەبەگەکان و تاوانی سەرمایەدارەکانی دونیای ئەمڕۆ) ئامادەبکەین. تەنانەت بەراووردکردنی تاوانانەکانیان بە هەندێك لەو هۆزە بەربەریانەی کە هەمیشە لە جەنگدابوون.

ئەمە شتێکی تازە نییە. لەڕاستیدا، دەتوانین بەر زۆرێك لەو نووسینانەی مێژوونووسی ڕۆمانی "تاسیتەس" بکەوین کە بەووردی ئەم ئەرکەمان بۆ جێبەجێدەکات. بەڵام ئەمە تەنها تاکە هەنگاوێکیش نامانباتە پێشەوە بۆ تێگەشتن لە مێژوو. تاکە میتۆدی ڕەخساو بۆ تێگەشتن لە مێژوو بریتییە لە ماتریالیزمی مێژوویی .

## هەڵسانەوە و ڕووخانی ڕۆم

هەرچەندە کاری کۆیلە بەرهەمهێنەرانە یان لە خزمەتی بەرهەمهێناندا نەبوو (کۆیلەکان ناچار بە کارکردن کرابوون)، ژمارەیەکی زۆر لە کۆیلەکان، وەکو ئەوەی لە ڕۆم لە ماوەی کۆتایی کۆمارو ئیمپراتۆریەتەکەدا لە یەکە گەورە کشتوکاڵیەکاندا کاریاندەکرد و توانییان بەرهەمی زیادەی زۆر بەرهەمبهێنن. لە لوتکەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەدا، کۆیلەکان ژمارەیان زۆربوو هەروەها نرخیشیان هەرزان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا جەنگەکانی ڕۆم پشتیان بە کۆیلەکان بەستبوو. بەڵام لە ساتێکی تایبەتدا ئەم سیستمە گەشتە دواسنوری خۆی و پاشان پێی خستە قۆناغی لاوازییەوە. سەرەتاکانی دەرکەوتنی قەیران لە ڕۆمدا لە بەشی کۆتایی کۆمارەکەدا سەریهەڵدا، ماوەیەك کە پێشهاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی خێرا و جەنگی چینایەتی دەرکەوت. هەر لە سەرەتاکانەوە جەنگێکی توند لەنێوان هەردوو چینی دەوڵەمەند و هەژاردا سەریهەڵدابوو. وردەکاری ئەم ڕووداوانە لە نووسینەکانی لیڤی و ئەوانیتردا دەربارەی ململانێکانی نێوان چینی خوارەوەو خانەدانەکاندا تۆمارکراوە. لەماوەی دواتردا، ڕۆم خۆیکردە کۆیلەی میدیتەریان پاش بەزاندنی لەلایەن بەهێزترین ڕکابەری کە "کارسەج"(توونسی ئەمڕۆ) بوو.

"تایبیریەس گراسکەس[18] " داوای ئەوەیکرد کە سەروەت و سامانی ڕۆم بەسەر هاوڵاتیانیدا دابەشبکرێت. ئامانجی بوو کە ئیتالیا بکات بە کۆمارێکی بچووکی جووتیار نەك کۆیلە، بەڵام خانەدانەکان و خاوەن کۆیلەکان بەسەریدا زاڵبوون. ئەمە کارەساتێکی دوورمەودای بۆ ڕۆم بەحێهێشت. کشتووکاڵیان وێرانکرد کە بڕبڕەی پشتی کۆمار و سوپاکە بوو- چینی کرێکاری خوارەوەیان کرد بە چینێکی نابەرهەمهێن کە بە خێری دەوڵەت لە برسێتی ڕزگاریان دەبوو. سەرەڕای ڕقیان لە دەوڵەمەند یان بۆرژواکان، بەڵام هێشتان بەرژەوەندیی هاوبەش لەدەوری کۆیلەکان کۆیدەکردنەوە چونکە چالاکترین و بەرهەمهێنەرترین چینی کۆمارو ئیمپراتۆریەتەکەبوون لەو کاتەدا.

هەڵکشانی ژمارەی کۆیلە لەسایەی "سپارتاکۆس"دا ڕووداوێکی شکۆمەندانەی مێژووی کۆنە. سەدای ئەم هەڵکشانە مەزنە دەگاتە گوێی چەندین سەددەی دوای خۆی و هێشتانیش وەکو سەرچاوەی ئیلهام لێوەرگرتن و لاساییکردنەوە کاریگەرە لە ئێستاماندا. وێنەی هەڵسانەوەی ئەم

مرۆڤە سەرکوتکراوو و خراپ بەکارهێنراوانە بەهێزترین دەسەڵاتی ئەوکاتی دونیایان تووشی شکستی یەك لەدوای یەکی گەورەکردەوەو ئەم ڕووداوەیان لە مێژوودا کرد بە یەکێك لە ڕووداوە ناوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. ئەوان توانییان لە ڕووخاندنی دەوڵەتی ڕۆمدا سەرکەوتووبن و ئاراستەی مێژوویان گۆڕی. بەدڵنیاییەوە، مومکین نییە بەتەواوی بتوانین بڵێین کە دەرئەنجامەکە چییە. بەڵام بێ گومان ئەمە بووبەهۆی ئازادبوونی کۆیلەکان. بەنموونەوەرگتنی ئاستی گەشەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان، ئاراستەی گشتی ئەم گەشەسەندنە بەسوودی جۆرێك لە دەرەبەگایەتی کەوتەوە. بەڵام لانی کەم مرۆڤایەتی چیتر لەبەردەم هەمان ترس و هەڕەشەکانی سەددە تاریکەکاندا نەبوو، هەروەها گەشەی ئابووری و کلتوری بەشێوەیەکی خێرا بەرەوپێشەوەچوو. ڕاستی کەوتن یان شکستی سپارتاکۆس لەکۆتاییدا پەیوەستبوو بە درووستنەبوونی پەیوەندی لەنێوان کۆیلەکان بە پرۆلیتاریاوە لە شارۆچکەکاندا. هاریکاریی پرۆلیتاریا بۆ دەسەڵات بەردەوامبوو، سەرکەوتنی کۆیلەکانیش مەحاڵ بوو. بەڵام پرۆلیتاریای ڕۆم وەکو پرۆلیتاریای مۆدێرن بەرهەمهێن نەبوون بەڵکو چینێکی مشەخۆربوون، بەکاری کۆیلەکان دەژیان و پشتبەستووبوون بە ئاغاکانیان. شکستی شۆڕشی ڕۆمانی لەم حەقیقەتەدا خۆی حەشارداوە.مارکس و ئەنگڵز ئەوە پیشاندەدەن کە ململانێی چینایەتی لەکۆتاییدا یان بە سەرکەوتنی تەواوی یەکێك لە لایەنەکان کۆتایی دێت یان بە وێرانبوونی چینە بەشدابووەکان لە ململانێکەدا. چارەنووسی کۆمەڵگەی ڕۆم ڕوونترین نموونەی شکست و وێرانبوونی هەموو چینەکانی نێو ململانێیەکەبوو.

بەزاندنی کۆیلەکان لەگەڵ خۆیدا شکستی دەوڵەتی ڕۆمیشی بەدوادا هات.دەوڵەت لە نائامادەیی یان غیابی کشتوکاڵی ئازاددا ناچاربوو پشت بە سوپای بەکرێگیراو ببەستێت لە جەنگەکانیدا. بنبەستی ململانێی چینایەتی بووبەهۆی سەرهەڵدانی بارودۆخێکی نزیك لە دیاردەی مۆدێرنی (بۆناپارتیزم) کە بریتیبوو لە هاوپەیمانێتییەکی پۆپیولیستیانە لە نێوان چینی بۆرژواو چینی پرۆلیتاریای خوارەوە بەتایبەتمەندیی سەرکردایەتییەکی پتەو و ناسیۆنالیزمێکی کۆنزێرڤاتیڤانە. کە لە ڕۆمانییەکەیدا پێدەوترا (سیزریزم) ئۆتۆکراسی یان دەسەڵاتی بێ-سنور کە لە تەنها کەسێکدا

کۆدەبێتەوە .سەرۆکی فەیلەقەکان چیتر دلسۆزی کۆمارەکە نەبوو چونکە هەموو مەیلێکی دابوو بە کۆماتدەرەکەی- ئەو پیاوەی کە گەرەنتیی پارەو تاڵانییەکانی و پارچەیەك زەویی پێدابوو پاش خانەنشین بوونی. دواماوەی کۆمارەکە پێکهاتبوو لە توندبوونەوەی ململانێی نێوان چینەکان کە هیچ لایەکیان توانای بردنەوەیەکی چارەنووسسازیان نەبوو. سەرەنجام، دەوڵەت، کە لینین بە "جەستەی چەکدارکراوی مرۆیی" ناویدەبات، سەرەتای وەرگرتنی سەربەخۆیی بوو، لێرەوە بەرزبووەیەوە بۆ سەرووی کۆمەڵگا وەك بڕیاردەری کۆتایی لە ململانێیی هێزەکاندا لە ڕۆم. زنجیرەیەك سەرکێشیی سەربازی وەکو ماریاس، کراسەس، پۆمپەی و جولیا سیزەر کە سیاسییەکی بەتوانا و بازرگانێکی لێهاتووبوو، سیزەر سەرەڕای ئەوەی خزمەتێکی بە کۆمارەکە نەکرد کەچی بووبەهۆی کۆتایی هاتن بە کۆمارەکەش .شکۆمەندیی خۆی بەسەر ناوچەکانی وەك گاوڵ (فەرەنسا و بەلجیکای ئێستا)، ئیسپانیا و بەریتانیا لە سەرکەوتنەکانی سوپاکەیەوە وەرگرتبوو ، هەروەها چڕکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا. هەرچەندە لەلایەن کۆنەپارێزێکەوە کوژرا بەمەبەستی پاراستن و هێشتنەوەی کۆمارەکە وەکو خۆی چونکە وادەبینرا کە سیزەر مەترسی بێت بۆ سەر کۆمارەکە . شەکسپیر لە جولیا سیزەردا دەڵێت: "سیزەر خانەدارترینی هەموو ڕۆمەکان بوو". بێ دوودڵی، بروتس و پیلانگێرەکانیتر کە سیزەریان کووشت کێشەی ئازایەتی شەخسییان نەبوو، هەروەها مۆتیف و پاڵنەرەکانیان لەم کوشتنەدا لەوانەیە خانەدانانەنەبووبێت. بەڵام بەتەواوی بێئومێدبوون. ئەو کۆمارەی ئەمان هەوڵی پارێزگاریکردن و بەرگریکردنیان دەدا ئێسك و پروسکێکی داڕزاوبوو. پاش ئەوەی برتس و ئەوانیتر شکستیانخوارد لەلایەن دەستەی دەوڵەتەوە ئیتر کۆمارەکە بە شێوەیەکی ڕەسمی ناسێنرا و ئەم مەیلە لەلایەن یەکەم ئیمپراتۆر " ئۆگەستەس"ەوە پارێزرا.

"ئیمپراتۆر"ە زۆر بچووکەکە لەقەبێکی سەربازی بوو کە بەمەبەستی خۆدوورگرتن لە ناونیشانی پاشا داهێنرا چونکە پیاوانی نێو کۆمارەکە بە نەشیاویان دەزانی. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم لەقەبە کە بۆ دوورگرتن بوو لە ناوی پاشا بەڵام هیچی لە دەسەڵاتەکانی ئەو کەمنەکردەوەو هەموو دەسەڵاتێکی پاشای هەبوو.هەرچەندە ماوەیەکی زۆر تێپەڕیبوو بەڵام هێشتان فۆرمەکانی کۆمارە

کۆنەکە مابوونەوە. بەڵام ئەو فۆرمانە تەنها کەوڵی بۆشبوون و بێ ناوەڕۆك بوون، هێندەی کاغەزێك توانای خۆڕاگرتنی بەر بایەکیان هەبوو. ئەنجوومەنی سیناتۆرانی کۆمارەکە خاڵی بوو لە دەسەڵات و هێز. جولیا سیزەر ڕای گشتیی تووشی شۆککرد کاتێك کەسێکی لە ناوچەی "گاوڵ"(ئێستای فەرەنسا و بەلجیکا) کرد بە ئەندامی ئەنجوومەنەکە و هیچ کەسێك ئەمەی بە هەڵە نەبینی، یان ئەگەر هەستیان بە هەڵەبوونی ئەمەش کردبێت ئەوا دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتبوو . ئیمپراتۆرەکان هەمیشە ڕاوێژیان بە ئەنجوومەنەکە دەکرد، هەروەها ئەم ڕاوێژکرنەیان بە ئەنجوومەنەکە جێگەی پێکەنینی خۆیان نەبوو. لەدوا ماوەی ئیمپراتۆریەتەکەدا، لە دەرئەنجامی دابەزینی بەرهەمهێنان و گەندەڵی و تاڵانکردندا، دارایی لە بارودۆخێکی زۆر خراپدابوو، ڕۆمانییە دەوڵەمەندەکان بەردەوام پلەیان بۆ سیناتۆر یان ئەندامی ئەنجوومەن بەرزدەکرایەوە بۆئەوەی باجی زیاتریان لێوەربگیرێت. قسەخۆشێکی ڕۆمانی بە یاسادانەرێکی دژ دەڵێت "فڕیدرایە نێو ئەنجوومەنەکەوە " زۆرجار لە مێژوودا ڕوودەدات کە دەزگاکان پاش ئەوەی ڕۆڵ و کاریگەری و کاتیان بەسەردەچێت کەچی هێشتان بەبێ ئامادەبوونی مەبەستی درووست بوونیان هەر درێژە بەمانەوەیان دەدرێت. درێژە بە ژیانی سەرەمەرگی و گاڵتەجاڕانەیان دەدرێت وەك چۆن پیاوێکی کەنەفتەی پەککەوتە کە بۆ مانەوە لە ژیان چنگ بۆ پوشیش دەبات ، بەڵام ئەم بەردەوامییەتییە لەڕێگەی شۆرشێکەوە دەوەستێنرێت و کۆتایی پێدەهێنرێت. لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بۆ چوار سەدە درێژبوویەوە. ئەمە پرۆسەیەکی نەپچڕاوبوو. هەم چرکەساتی هەڵسانەوەو هەم ئومێدی گەورەشی لێدەبینرا، بەڵام هێڵە گشتییەکە سەرلەلێژیبوو .

لە سەردەمێکی لەم شێوەیەدا، هەستێکی نائاسوودە ئامادەیە. گوومان باڵ بەسەر هەموو شتێکدا دەکێشێت، نەبوونی متمانەوڕەشبینی لە داهاتوودا زاڵدەبێت. هەموو نەریتە کۆنەکان، ئەو نەریتانەی کە کۆمەڵگا پێکەوە گرێدەدەن و دەبەستنەوە وەکو ئاین و ئەخلاقیات و ڕاستگۆیی توانایان لەدەستدەدەن. لەشوێنی ئاینە کۆنەکەدا خەڵکی بەدوای ئاین و خودای نوێدا دەگەڕێن. لە ماوەی لاوازبوونەکەدا، ڕۆم کەوتبووە بەر لافاوی تاعوون ئاسای مەزهەب و سێکتی ئاینی جۆراوجۆری

ڕۆژهەڵاتەوە. مەسیحییەت یەکێك بوو لەو شەپۆلانە و لەکۆتاییشدا سەرکەوتووبوو، هەروەها بەربەرەکانێی لەگەڵ چەندین شەپۆلی دیکەدا کرد لەوانە گرووپی ئایندارى میترایی (کەلْتی میتراکان) .کاتێك مرۆڤەکان هەست بەوەدەکەن ئەو جیهانەی تێیدا دەژین نائارام و ناجێگیرە و هەموو کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر جیهاندا لەدەستداوە، هەروەها لەلایەن هێزی نەبینراوەوە بڕیار لە ژیان و چارەنووسیان دەدرێت، پاشان مەیل و ئارەزووی ناعەقڵانی و عیرفانی باڵادەستدەبن. خەڵکی پێیوایە کۆتایی دونیا شەوە. مەسیحییە سەرەتاییەکان تا دوا نەفەس بڕوایان بەمە هەبوو، بەڵام ئەوانیتر بەجۆرێك لە جۆرەکان گوومانیان دەکرد. بەڕاستی ئەوەی بەرەو کۆتایی دەڕۆشت جیهان نەبوو بەڵکو فۆرمێکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی بوو- کۆمەڵگەی کۆیلایەتی. ڕیشەی سەرکەوتنی مەسیحییەت پەیوەندی بەم ڕاستییەوە هەبوو. جیهان بە خراپ و شەڕەنگێز و گوناهبار دەبینرا. بۆیە پشتکردن لە دونیا وەك شتێکی ناچاری دەردەکەوت بۆ ئەوەی ڕوو لە ژیانێکیتر بکەن لە دوای مەرگ. لە ڕاستیدا، ئەم بیرۆکانە بۆ ئارەزووی فەلسەفی ڕۆم بابەتی بیرلێکردنەوەو گەڕانەوەبوون. ئەو کاتەی مرۆڤەکان هیوایەکیان بەو ژیان و جیهانە نامێنێت کە تێیدا دەژین، ئەوا ڕووبەڕوی دوو هەڵبژاردن دەبنەوە: یان هەوڵدان بۆ گەشتن بە تێگەشتنێکی عەقڵیانە لەوەی کە ڕوودەدات بۆ ئەوەی شەڕی گۆڕینی کۆمەڵگا بکەن، یان بۆ بەتەواوی پشتکردن و دەستبەرداربوون لە کۆمەڵگا. لە ماوەی لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتەکەدا،سوبێکتیڤیزم[19] و ستۆیسیزم[20] و گوومانگەرایی باڵی بەسەر فەلسەفەی ڕۆمدا کێشابوو. بە هەنگاو هەڵهێنان لە گۆشەیەکیترەوە، ئیپیکیرەس خەڵکی فێردەکرد کە چۆن بەدوای خۆشبەختیدا بگەڕێن و بەبێ ترس فێری ژیانکردن ببن .

بەلەبەرچاو گرتنی بارودۆخەکە ئەمە دەبێتە فەلسەفەیەکی باڵا، بەڵام ئەم وانانە تەنها خەڵکە زیاتر تێگەشتووەکەی چینی خاوەن سەرمایەو مافی دەگرتەوە. لەکۆتاییدا، فەلسەفەی ئەفلاتۆنی نوێی پلۆتینەس نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ عیرفانیەت و خورافیاتدا هەیە، دەرئەنجامیش خستنەڕوو یان فەراهەنکردنی پاساوی فەلسەفی بۆ مەسیحییەت . ئەو کاتەی بەربەریەکان داگیرکارییان دەکرد، هەموو ستراکتۆرێکی ئابووری و ئەخلاقی و ڕۆحییان تا ئاستی خاپوورکردن وێراندەکرد. هەروەها

هیچ جێگەی سەرسورمان نییە کە کۆیلەو چینی هەژار پێشوازی و بەخێرهاتنی بەربەریەکانیان دەکرد. ئەوان لەگەڵ هاتنیاندا کارێك تەواودەکەن کە پێشتر هەموو ئامادەییەکی بۆ سازکراوە. هێرشی بەربەریەکان ڕووداێکی مێژووییە کە خزمەتی بە دەرپرینی  زەروورەت یان پێویستییەکی مێژوویکرد.

## بۆچی بەربەریەکان سەرکەوتن و مانەوە؟

چۆن مومکین دەبوو کە کلتورێکی گەشەکردوو هێندە بەئاسانی لەلایەن کلتورێکی دواکەوتوو و سەرەتاییەوە داگیربکرێت؟ تۆوی داڕووخانی ڕۆم زۆر پێشتر لە داگیرکاریی بەربەریەکان چێنرابوو. دژیەکیی بنەڕەتی ئابووری کۆیلە بریتییە لەوەی کە بە پێچەوانەوە بناغەگرتووە بە بەرهەمهێنانی کەمی کارەوە. کاری کۆیلە تەنها لەو کاتەدا لە خزمەتی بەرهەمهێناندایە کە ڕێژەکەی زۆرە. مەرجی لەپێشتری ئەم بەرهەمهێنانە زۆرە بریتییە لە بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری کۆیلە و پێدانی پارەیەکی کەم پێیان. لەبەرئەوەی ئەگەر کۆیەکان بخرێنە ژێر چاودێرییەوەو دەستبەسەر بکرێن  زۆر بە کەمی وەچە دەخەنەوە ، تەنها ڕێگای شیاو بۆ بەبەردەوامی دەستەبەرکردنی کۆیلە یان گەرەنتیکردنی دەستخستنی کۆیلە بەردەوامیدانە بە جەنگ. جارێك لەژێر دەسەڵاتی "هادریان"دا ئیمپراتۆریەتەکە گەشتە دوا سنوورەکانی داگیرکارییەکانی، بۆیە دابینکردنی کۆیلە ڕۆژ بە ڕۆژ دەبوو بە کارێکی قورستر.

لەم خاڵەدا، ناکۆکییەکانی نێو کۆیلایەتی دەستیان بە دەرکەوتن کرد، ڕۆم پێی خستە نێو لاوازبوونەوە و ئەم لاوازبوونە زیاد لە 400 ساڵی خایاند، تا ئەو کاتەی کە بەربەریەکان دەستیانگرن بەسەریدا. لەبەر هۆکاری جیاواز جیاواز و دوای کەوتنی ئیمپراتۆریەتەکە، شەپۆلی کۆچکردن لەنێوان شوانکارە کۆچەرییەکان بوو بە دیاردەیەکی باو- بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان و گۆڕانی کەش و هەواوە پەستان کەوتە سەر خاك و زەوییە کشتووکاڵییە بەپیتەکان   .لەم دۆخەدا،نیشتەجێبوانی زیاتری

ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەناچاری لەلایەن هۆزێکی دواکەوتووی کۆچەری وەکو هانەکانەوە لە زەوییەکانی خۆیان هەڵکەنران. ئایا ئەم بەربەریانە خاوەنی کلتور بوون؟ بەڵێ، ئەوان کلتوریان هەبوو، هەروەکو چۆن هەر کۆمەڵە کەسێك لە دێر زەمانەوە خاوەنی کلتور بوون. هانەکان هۆشیاری کشتووکاڵییان نەبوو، بەڵام سووپاکەیان مەکینەیەکی جەنگیی نەبەزێنراوبوو. لەو سەردەمەی جیهاندا هێزی سەربازی ئەسپسواریان بێوێنەبوو، وەکو ئەوەی پێیاندەوترا کە وڵاتەکەیان لەسەر پشتی ئەسپە.

هەرچەندە، بەداخەوە بۆ ئەوروپا کە هانەکان لە سەدەی چواردا دژی کلتورێکی گەشەسەندوو وەستانەوە، کلتورێك کە بەناوبانگ بوون لە هونەری بنیاتنان، لە نێو شارو شارۆچکەکاندا دەژیان، هەروەها سووپایەکی ڕاهێنراویان هەبوو- صین. ئازایەتی و چاونەترسی جەنگاوەرە ترسناکەکان لە جەنگەکانی ناوچەی مەنگۆلەکان هاوتا نەبوو لەگەڵ شارستانیەتی صیندا کە شورای مەزنی صینیان بنیاتنابوو- کە بەربەرستێکی هەندەسی گەورەبوو لە وەدەرنانیاندا . کاتێك هانەکان لەلایەن صینییەکانەوە تووشی شکست بوونەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێکەوتن، پاش ڕۆشتنیان، وێرانەو خاپوورییەکی زەبەلاحیان جێهێشت. بەنێو ڕووسیای ئەمڕۆدا گوزەریانکرد و لە ساڵی 355ی زایندا لەگەڵ گۆسەکانی ڕۆمانیای ئەمڕۆدا دەستەویەخەبوونەوە. هەرچەندە هۆزە گۆسەکان لە ئاستێکی بەرزتری گەشەدابوون بە بەراوورد بە هانەکان بەڵام پارچەپارچەبوون و ناچاربوون بەرەو ڕۆژهەڵات هەڵبێن. ڕزگاربووان کە نزیکەی هەشتا هەزار ژن و پیاو و منداڵی نائومێدبوون بە ئەسپوعەرەبانەوە، لەو ساتەی کە کۆمەڵگای کۆیلایەتی گەشتبووە ئاستێکی لێژی کە تەنانەت توانای بەرگریکردنی لە خۆی نەبوو بەهۆی لاوازبوونیەوە، بەرەنگاری هێڵی پێشەوەی سوپای ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بوونەوە.

گۆسەکانی ڕۆژئاوا، ئەوانەی کە بەبەراورد بە ڕۆمەکان دواکەوتووبوون، توانییان بەسەر ڕۆمەکاندا سەرکەون. مێژوونوسی ڕۆم "ئەمینۆس مارسیلینۆس" پێناسەی ئەم بەیەکدادانەی نێوان دوو جیهانی نامۆ و غریب بەیەکتر بە "کارەساتبارترین بەزین لە دوای بەزینی ڕۆم لە جەنگی کانای"دا وەسفدەکات.شارۆچکەکان بەخێراییەکی ئێجگار زۆر خاپوورکران و چۆڵکران. ئەوەش ڕاستە کە ئەم

پرۆسە لەگەڵ بەربەریەکاندا دەستی پێنەکرد. خراپبوونی ئابووری کۆیلە، سرووشتی چەوسێنەرەوانە و دڕندەئاسای ئیمپراتۆریەتەکە بە هەڵاوسان و گەورەبوونی بیرۆکراسیەت و باجی قۆرخکارانەی سەر جوتیار کۆتاییهات، سەرجەم ئەمانە سیستمەکەیان تووشی شکست و سەرەولێژی زیاتر دەکردەوە. گەڕانەوە بۆ گوند و دوورەشارەکان دیاردەیەکی بەرچاوبوو کە تێیدا ڕێگە بۆ جۆرێکی بەرهەمهێنان "دەرەبەگایەتی" خۆشکرابوو .

ئیمپراتۆریەتی ڕۆم خۆی بەهۆی کێشەی ناوەکییەوە لەسەرەمەرگدابوو، لەم کاتەدا بەربەریەکان هاتنە سەری و وەکو نەخۆشێك پێش ئەوەی بە ئازاری زیاترەوە بمرێت ئەمان کۆتاییان پێهێنا. کۆی بنەڕەت و جەستەی ڕۆم وەکو کەلاکی ئاژەڵێکی چەند ساڵەی فڕێدراوی لێهاتبوو، تەنها بە دەستلێدانێك ووردوخاش بوو. ئەو هێڵەی ڕۆمانیەکان کە نەدەشکێنرا و دزەی تێنەدەکرا بەدرێژایی "دانوب و ڕاین" لەکۆتاییدا تێکشکاو و داڕووخا. لە قۆناغێکی دیاریکراودا هۆزی جیاواجیاوازی بەربەریەکان  بە هانەکانیشەوە بۆ بەگژداچوونەوە و هێرشکردنەسەر ڕۆم یەکیانگرتەوە. سەرۆکی گۆسیکەکان (کە مەسیحییەکی ئاری و بەکرێگیراوی پێشتری ڕۆم بوو) فەرمانڕەوایی 40 هەزار گۆس و هانیکرد و هەروەها کۆیلەکانی لە ئەڵپی جولیان ڕزگارکرد  و پاش 10 ساڵیش ڕۆمی تاڵانکرد.

هەرچەندە وادەردەکەوت سەرۆکی گۆسەکان (هۆزێکی ئەڵمانییە) کەسێکی ڕۆشنفکر بێت، هەوڵیدا کە هاوڵاتیانی ڕۆم بووەستێنێت بەڵام نەیتوانی و هانەکان لە ڕزگارکردنی کۆیلەکاندا سەرکەوتووبوون سەرەڕای خۆبەدەستەوەدانی بۆ کوشتن و تاڵانکردن و دەستدرێژیکردنەسەری. پەیکەر و کارە هونەرییەکانیان تێکشکاند و بۆ کانزایتریان تواندەوە . هێشتان ئەمە سەرەتایە. لە سەدەکانی دواتردا کۆمەڵێك شەپۆلیتری بەربەریەت بە ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبونەوە لەوانە هۆزە ئەڵمانییەکان، ئالانس (ئێرانییەکان)، لۆمباردییەکان (ئەوانەی کە لە سەدەی شەشدا ئیتالیایان داگیرکرد)، سوێڤی (هۆزی ئەڵمانی)، ئەڵێمانی، بورگەندییەکان، فرانکس، تۆرینگیانس، فریشیانز،

هێرولی، ئەنگلس، ساکسۆنس، گوتس، گێپیدای، هانس، ماگیارس،هەروەها ڕیگایان بەرەو ئەوروپا کرایەوە. ئەو ئیمپراتۆریەتە زەبەلاحە بووبە خۆڵ .

**ئایا شارستانیەت گەڕێندرایەوە بۆ دواوە؟**

ئایا ڕاستە گەر بڵێین ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لەلایەن بەربەریەکانەوە شارستانیەتی مرۆیی گەڕاندە دواوە؟ سەرەڕای ئەو هەڵمەتی ژاوەژاوەی کە لەلایەن "هاوڕێکانی کۆمەڵگەی بەربەریزم"ەوە سەریهەڵدا، هیچ گومانێك لەمەدا نییەو تەنانەت فاکت و فیگۆری باشمان لەبەردەستدایە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەمە. کاریگەری ڕاستەوخۆی هێرشە دەستەجەمعییەکەی بەربەریەکان بۆسەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بۆ سڕینەوەی شارستانیەت و گەڕاندنەوەی کۆمەڵگەی مرۆیی بوو بۆ هەزار ساڵ پێشتر . هێزەکانی بەرهەمهێنان تووشی داڕانێکی توند و پروکێنەر بوونەوە. شارەکان وێرانکران و دانیشتوانیش ئەو ناوچانەیان چۆڵکرد لەپێناو گەشتن بەو ناوچانەی کە دەتوانن خۆراکی لێوەدەستبخەن. تەنانەت هاوڕێ کۆنەکەمان "ڕەگلی" دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت "تەنها پاشماوەیەکی بیناسازی لە پاش هانەکان بەجێمابێت وێرانەی ئەو شارانەبوون کە ئاگریان تێبەردان". ئەمەش بە تەنها کاری هانەکان نەبوو. یەکەم کاری گۆسەکان سووتاندنی شاری "ماینز"بوو تاکو تەختی زەوی. بۆ ئەم کارەیان ئەنجامدا؟ ئەی بۆ لەجیاتی سووتاندن داگیریاننەکرد؟ ئەم سوتاندنە پەیوەستبوو بە دواکەوتویی گەشەی ئابوری داگیرکەرانەوە. ئەمان مرۆڤی کشتوکاڵی بوون و هیچیان دەربارەی شارو شارۆچکە نەدەزانی. بەربەریەکان دوژمنی شاربوون (ئەمە سایکۆلۆژیایەکی باوی کشتوکاڵکەران بووە لە هەموو سەردەمەکاندا) .

قەشە "جیرۆم" (یەکێکە لە باوکە سەرەتاییەکانی کەنیسەی مەسیحییەتی ڕۆمانی کە دەکارە گرنگەمانی وەرگێری دەستنووسەکان بوو لە زمانی هێبرۆ و یۆنانییەوە بۆسەر زمانی لاتینی) لە نووسنەکانیدا ئەم خاپورکردنە بەم شێوە وەسفدەکات : "شتێك کە لەو وڵاتە بیابانیانەدا مابوونەوە تەنها ئەرزو ئاسمان بوون"، پاش وێرانکردنی شارەکان و قەڵاچۆکردنی رەگەزی مرۆیی لەو ناوچانە دووبارە زەوییەکان گیرسانەوەو دارستانی چڕ و گژوگیای بەیەکداچوو گەشەیکرد. هەروەها ئەو بێ بەری و بێ پیتییە گشتییەی کە لەلایەن "زێفنایە"وە ڕاگەیەندرا بەهۆی قات و قڕی پرپردارەکان و باڵندەکان و ماسییەوەبوو . ئەو ڕستانە بیست ساڵ پاش مەرگی ئیمپراتۆر "ڤالێن" نووسراون، ئەو کاتەی کە داگیرکاری بەربەریەکان دەستیپێکرد. بارودۆخی خاکی ڕەسەنی ژێر دەسەڵاتی قەشە جیرۆم "پانۆنیا" کە دەکاتە خاکی ئێستای هەنگاریا بەهۆی ئەو هەموو کوشتارو وێرانکارییەوە کە بەهۆی شەپۆلی داگیرکاریەکانەوە ڕووبەڕوی دەبوویەوە نائارام بوو. لەکۆتاییدا،دانیشتوانی پانۆنیا بەتەوای لابران و دواتریش لەلایەن هانەکانەوە داگیرکرا .

ئەم پرۆسەی کاولکردن و دەستدرێژی و تاڵانکردنە بۆ چەند سەدەیەك بەردەوامی هەبوو، بەدواشیدا، کەلەپورێکی تاڵی دواکەوتوویی بەربەریەتی لێکەوتەوە- لەڕاستیدا ئەو ماوەیەی بە سەدە تاریکەکان ناوی دەبەین ئەو سەدەیانەیە کە ئەم ڕووداوانەیان تێدا ڕوویدا . با ئەم گووتەزایە بخەینەڕوو: "سەدە تاریکەکان لە هەموو ڕوویەکەوە توند و بێ ڕەحم بوون. قات و قڕی و برسێتی و تاعون و درمی یەك لە دوای یەك گەشتبوونە لوتکە و زیاتر و زیاتر دانیشتوانیان لەناودەبرد . ئێسکە نەرمە و کەمی ڤیتامین دی کاریگەری خراپی لەسەر ئەو کەسانە هەبوو کە لە نەهامەتییەکانی پێشوتر ڕزگاریاندەبوو. گۆڕانی زۆر و نائاسایی لە کەش و هەوادا بووبەهۆی هەڵکردن و هێنانی گەردەلول و لافاو کە کارەساتی گەورەتریان لێکەوتەوە لەبەرئەوەی سیستمی ئاوەڕۆ وەکو زۆربەی ژێرخانی ئیمپراتۆریەکە کاری نەدەکرد. ئەمە زۆر شتمان دەربارەی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ ڕووندەکاتەوە کە ساڵی 1500 پاش هەزار ساڵ لە پشتگوێخستن بەڵام هێشتان ئەو شەقامانەی کە ڕۆمەکان دروستیانکردبوو باشترین ڕێگاکانی کیشوەر بوون. ئەوانیتریش لە ئاستێکی

وێرانکردنداب‌وون بۆیە کەڵکی پێوە نەمابوو. هەروها لەنگەرە ئەوروپاییەکانیش بێکەڵك کرابوون تا ئەو کاتەی کە بازرگانی جارێکیتر لە سەدەی هەژدەدا بەگەڕکەوتەوە. لەنێوان هونەرە لەدەستچووەکاندا خشت دانان هەبوو، لەسەرانسەری ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و هۆڵەندا و سکاندینافیادا هیچ بینایەکی بەردین نەبوو جگە لەو قەڵانەی کە دەیان سەدە پێش ئەمە دروستکرابوون. ئامێرە بنەڕەتیەکانی کشتوکاڵکاران بریتیبوو لە پاچ و بێڵ و داس و گژو گیاپڕ. بەڵام بەهۆی کەمی ئاسنەوە دەستیان بە گاوەسنەو عەرەبانە نەگەشتبوو .

نەبوونی گاوەسنە لە باشوردا کێشەیەك نەبوو چونکە جوتیاران بەئاسانی دەیانتوانی خاکی نەرم و سوکی میدیتەریان (ناوچەی دەریای سوور) شیبکەنەوە، لەکاتێکدا خاکی باکوری ئەوروپا ڕەق بوو بۆیە پێویستی بە شەقکردن و جووڵان هەبوو لەگەڵ ئەوەی پێویست بوو بە دەست بکەندرایەت و شیبکرایەتەوە. هەرچەندە "ئەسپ و گا"یان هەبوو بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم بەکاردەهاتن. تەنانەت تاکو ساڵی 900ی زانیش هۆرزەنگ[21] و لەغاو نەبوون. ئەمەش هۆکاری مەحاڵی ئەسپ و عەرەبانە بوو لەو کاتەدا. ئاژەڵداران قورستر کاریاندەکرد، عارەقی زیاتریان دەڕشت، زیاتر لە ئاژەڵەکانیان شەکەت دەبوون و زووتر لە ئەوانیش دەکەوتن. (ولیام مانچستە، جیهانێك کە تەنها بە ئاگر داگیرساوە.) سەرهەڵدانی سیستەمی فیوداڵ (دەرەبەگایەتی) پاش ڕووخانی ڕۆم یەکسانبوو بە زەمەنێکی درێژ لە چەقبەستن و مەنگی کلتوری لە ئەوروپاوە بۆ ڕۆژئاوای پایرینیس ( ئەو زنجیرە چیایەی کە ئیسپانیا و فەرەنسا لەیەکتر جیادەکاتەوە). بەدەر لە دوو داهێنان کە بریتیبوون لە ئاشی ئاو و ئاشی با، بۆ نزیکەی زیاد لە هەزار ساڵ هیچ جۆرە داهێنانێکی حەقیقی پێشکەشنەکرا.

بەدەرپرینێکیتر، جۆرێك لە چەقبەستوویی کلتوری ئامادەبوو. ئەمە دەرئەنجامی داڕوخانی هێزەکانی بەرهەمهێنان بوو، ئەو هێزانەی کە کلتور پشتیان پێدەبەستێت. شکستخواردن لە تێگەشتنی ئەم هێزانەی بەرهەمهێنان و کاریگەرییان لەسەر کلتور تێگەشتنی زانسیتیانە لە مێژوو بەتەواوی مەحاڵ دەکات. فکری مرۆیی، هونەر، زانست و کلتور دابەزێنران بۆ نزمترین ئاستی سەرەتایی،

باشتربونێکی ڕێژەیی ڕوویدا کاتێك عەرەبەکان بیرۆکەکانی ڕۆم و یۆنانیان بۆ سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا ئیزافەکرد. ڕاستیشە کە دەڵێین گرێی مێژوو بەهۆی ڕێنیسانسەوە دووبارە توند کرایەوە. بەهێواشی چاکتربوونەوەی دۆخی بازرگانی هۆکاری گەشەی بۆرژواو لەدایکبونەوەی شارۆچکەکان بوو، بەتایبەت فلاندەرس و هۆڵەندا و ئیتالیای باکور. بەڵام ئەوەش ڕاستی بوو کە مێژوو بۆ هەزار ساڵ گەڕایەوە دوایەوە. ئەمە ئەوەیە کە بە لێژبوونەوەی هێڵی مێژوو ناویدەبەین. هەروەها نابێت ڕێگە بە هیچ کەسێك بدەین کە پێیوابێت گەڕانەوە یان لێژبوونەوەی پەتی مێژوو مەحاڵە یان ڕوونادات.

## سۆسیالیزم یان بەربەریەت

کۆی مێژووی مرۆڤایەتی بەوردی بریتییە لە ململانێی مرۆڤ بۆ خۆ دوورخستنەوە لە ژیانی ئاژەڵی یان بۆ دەرچوون لە ئاستە ئاژەڵییەکە. ئەم ململانێ دورودرێژە بۆ حەوت ملیۆن ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە باوباپیرانمان بۆ یەکەمجار هەستانەوەو لەسەر قاچەکانیان خۆیانگرت و پاشان توانییان دەستەکانیان بۆ کاری دەست ئازاد بکەن. بەرهەمهێنانی خاکەنازی بەردی و تەور سەرەتای پرۆسەیەك بوو کە ژن و پیاو لە ڕێگەی کارەوە خۆیان دروستکردەوە. هەر لەو ساتانەوە، ئیتر بۆ ئەوەی قۆناغی باشتر و پێشکەوتوتر لە گەشەی کۆمەڵایەتی مەیسەر ببێت پێویستبوو گۆڕان لە هێزەکانی بەرهەمهێنانی کاردا ڕوویانبدایەت، بەمانایەکیتر، هیچ گۆڕان و بەرەوپێشچوونێکی کۆمەڵایەتی نایەتە بوون تا ئەو کاتەی گۆڕان و گەشە لە هێزەکانی بەرهەمهێنانی کاردا دێتەدی- ئەمەش بریتییە لە هێزی ئێمە بەسەر سرووشتدا.

ئەم پرۆسەی گەشەسەندنە لە زۆربەی مێژووی مرۆڤایەتیدا خاوییەکی تاڵی هەبووە بۆ مرۆڤ، هەروەکو ئابوریناسێك لە بەرەبەیانی هەزارەی نوێدا دەڵێت: "بۆ نزیکەی زۆربەی مێژوومان، بەرەوپێشچوونی ئابوری هێندە خاو بووە وەکو ئەوەی کە هیچ یەکێك لە ئێمە لە ژیانی تایبەتیماندا نەمانتوانیبێت گۆڕانێکی ئابوری بەرقەرار بکەین. سەدە لە دوای سەدە، ڕێژەی ساڵانەی گەشەی

ئابوری لە یەکێك لە ژمارەکانی خانەی دەیاندا بوو، سفر بە نموونە. ئەو گەشەیەی کە ڕوودەدات هێندە خاوە بۆ هاوچەرخییەکان نادیار دەبێت- تەنانەت بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، وادەرناکەوێت کە کاریکردبێتە سەر ستانداردەکانی ژیان یان هەلومەرجەکانی ژیانکردن (کە لەمڕۆدا گەشە بریتییە لەم ستانداردی ژیانکردنە)، تەنها وەك بەرزبوونەوەیەکی لەسەرخۆی دانیشتوان .لە خوار ئەم هەزارەیەوە، گەشەی هەمووان بۆ دەستە و تاقمێك بریتیبوو لە: بەرەبەرە مومکین دەبێت کە مرۆڤی زیاتر بژی، کە ئەمە پڕ بە ووشەی ئاستی بوون و ژیانکردن دێت".

پەیوەندی نێوان کلتوری مرۆیی و هێزەکانی بەرهەمهێنان بۆ عەقڵیەتی کۆن ڕوونبوو، ئەرستۆ، لە کتێبی میتافیزیکەکەیدا ڕوونیدەکاتەوە کە: "مرۆڤ ئەو کاتە دەست بە بیرکردنەوەی فەلسەفی دەکات کە ئامرازەکانی ژیانی لەبەردەمدا ئامادەیە،" هەروەها دەڵێت هۆکاری دۆزینەوەو کەشفکردنی ئەستێرەناسی و بیرکاری لە میسردا پەیوەستبوو بەوەی کە پریست (قەشە) کە هەموو شتێکی بۆ مابووەوە کاری نەدەکرد. ئەمە خوێندنەوەو تێگەشتنێکی تەواو ماتریاڵیستیانەیە بۆ مێژوو. ئەمە وەڵامی تەواوی هەموو ئەو بێماناێ و گەمژەییەیە کە یۆتۆپییەو پێیوایە بە گەڕانەوە بۆ سرووشت بە ژیانێکی دەوڵەمەند و گەشەکردو و بێ کێشە شاد بین- ئەمە جگە لە گەڕانەوە بۆ ژیانێك لە ئاستی ژیانی ئاژەڵیدا هیچیتر نییە . شیمانەی دەرکەوتنی سۆشیالیزمێکی حەقیقی و تەواو پشت بە پەرەسەندنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەبەستێت، تا ئاستێك کە تەنانەت هیچ کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندووی نێو سەرمایەداری وەکو ئەڵمانیا و ئەمریکا یابان پێینەگەشتوون. پێش ئەوەی مارکس تەنانەت مانیفێستی کۆمیونیزمەکەی بنووسێت ئەمەی ڕوونکردووەتەوە. لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەڵێت: "لەکوێ خواست دەگشتێنرێت ئیتر چەوساندنەوەش زیندوو دەبێتەوە." (مەبەست لە چەوساندنەوە لێرەدا بریتییە لە چەوساندنەوەی چینایەتی و نایەکسانی و استغلال). هۆکاری بەلاڕێدابردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ ستالینیزم پەیوەندی بەوەوەهەبوو کە بە گۆشەگیری و

داپڕاوی لە وڵاتێکی دواکەوتوودا چەقی گرتبوو کە تێیدا مەرج و بارودۆخە ماتریاڵییەکان بۆ بنیاتنانی سۆشیالیزم غایب بوون.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستا سەرمایەداری چەوسێنەرترین و قۆرخکارترین سیستمە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی، لە زاری مارکسدا، "کاتێك سەرمایە هاتە سەر سەحنی مێژوو خوێن لە هەموو کونێکەوە دەچۆڕا،" ئەم قۆناغە نواندنەوەی هەنگاوێکی گەورەبوو لە گەشەی هێزەکانی کاردا-هەروەها هێزمان بەسەر سرووشتدا. گەشەی پیشەسازیی و کشتوکاڵ و زانست و تەکنەلۆژیا جیهانمانی گۆڕی و بناغەی تەواوی بۆ شۆڕشێك دامەزراند کە بۆ یەکەمجار مرۆڤ دەکات بە بوونەوەری ئازاد .

ئێمە لە دڕندەیی و بەربەریەت و کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتییەوە هاتوینەتەدەر و سەرمان دەرهێناوە، وە هەریەکێك لەم قۆناغانە هێمای گەشەیە بۆ هێزی بەرهەمهێنان و کلتوریی تایبەت لە قۆناغە دیاریکراوەکەدا. بەدەربڕینێکیتر، هەر قۆناغەو خاوەنی هێزی بەرهەمهێنان و کلتوری تایبەتی خۆی بووە. کاتێك گووڵەکە دەردەکەوێت ئیتر خونچەکە وون‌دەبێت و ئەمە نەفیکردنەوەی ئەویترە، شتێك ناکۆك دەبێت لەگەڵ ئەویتردا. بەڵام ئەم قۆناغانە پێویستین و دەبێت ئەم هەنگاوانە بنرێن بۆ یەکێتی. بێ مانایە ئەگەر بمانەوێت بەربەریەت لە مێژوو بکەینە دەرەوە یان نکۆڵی لێبکەین، ئەمە ڕاستە بۆ قۆناغەکانی دیکەش. بەڵام مێژوو هەرگیز لە جووڵە و ڕۆشتن ناکەوێت .

هەر قۆناغێکی گەشەی مرۆیی ڕەگوریشەکانی لە دڵی گەشەی پێشتردایە. ئەمە دروستە بۆ هەردوو پەرەسەندنی مرۆڤ و گەشەی کۆمەڵایەتیش. ئێمە لە بوونەوەری نزمترەوە پەرەمانسەدووەو بایۆلۆجییەن پەیوەستین بە سەرەتایترین فۆرمەکانی ژیانەوە، وەك ئەوەی جینۆم[22] لە ڕێگەی زانیاری بۆماوەییەوە ئەمەمان بۆ پشتڕاستدەکەنەوە. ئەو جیاوازییە جیناتییەی کە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان مرۆڤ و مەیمونی چیمپانزییە وەکو نزیکترین ئاژەڵ لە ئێمەوە کەمترە لە

دوو لە سەد . بەڵام ئەم جیاوازییە بچووکە ئاماژەیە بۆ گۆڕان و بازدانێکی گەورەی جۆری یان چۆنایەتی لە گەشەی چیمپانزییەوە بۆ مرۆڤ. بەهەمان شێوە، گەشەی سەرمایەداری بناغەی بۆ گەشەیەکی چۆنایەتی بەرزتری مرۆیی دامەزراند، کە ئێمە پێیدەڵێین سۆسیالیزم. ئەو قەیرانەی ئێستا لە ئاستێکی جیهانیدا هیچ نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەی کە گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان کە بەزوویی دەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت نەتەوەدا. سەرمایەداری ماوەیەکە لە ڕۆڵی گەشەئاسای خۆی کەوتووە، هەروەها بووە بە تەگەرەیەکی زەبەلاحی دڕندە لەبەردەم هەر گەشەیەك لە داهاتوودا. ئەگەر بڕیاروایە مێژووی مرۆڤ نەوەستێت ئەوا پێویستە ئەم کۆسپە تێکبشکێنرێت. وە ئەگەریش لەکاتی خۆیدا تێکنەشکێنرێت ئەوا مەترسییەکی گەورە بەسەر سەری ڕەگەزی مرۆییەوە خۆی مەڵاس داوە .

کۆرپەلەی کۆمەڵگەیەکی نوێ لە منداڵدانی ڕابردوو و ئێستادا لە پێگەشتندایە. توخمەکانی دیموکراسیەتی کرێکار لە فۆرمی ڕێکخراوی کرێکاریدا ئامادەیە، یەکێتییەکانی بازرگانی، دەستەی هاریکارییەکان. لەو ماوەیەی کە دەکرێتەوە، ململانێی نێوان ژیان و مەرگ دەبێت- ململانێی توخمەکانی کۆمەڵگە نوێکە لەدایك دەبێت، هەروەها بەرگرییەکی بەهێز لەلایەن نەزمی کۆنەوە بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنە کایەی کۆمەڵگە و نەزمێکی نوێ . لە قۆناغێکی تایبەتی ئەم بەریەککەوتنەدا- کە پێشتر بەشێوەیەکی گشتی لە ئەوروپادا بینرا، بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی ئەرجەنتین و وڵاتانی ئەمریکای لاتین، هەروەها هەڵسانەوە گەنجانەییەکان لە هەموو شوێنێك- کۆی ئەمانە ڕۆژێك دەگەن بە خاڵێکی گرنگ. هیچ چینێکی دەسەڵاتدار و حاکم بەبێ کەوتنە ململانێیەکی تووندەوە دەستبەرداری دەسەڵات و ئیمتیازاتەکانی نابێت. قەیرانی سەرمایەداری تەنها قەیرانی ئابوری پیشان نادات کە هەلی کار و ژیانی ملیۆنان کەس دەخاتە مەترسییەوە لە سەرانسەری جیهاندا .

بەڵکو مەترسیشە بۆ بناغەی ژیانێکی مەدەنی و شارستانی- چونکە مەترسیە بۆ گەڕانەوەی مرۆڤایەتی بۆ بەرەکانی جەنگ و بەیەکدادانی چینەکان. ئەگەر پرۆلیتاریا- کە چینی سەرەکی و

هەمیشەیی شۆرشگێرییە- سەرنەکەوێت لە زاڵبوون و تێکشاکاندنی حوکمی بانکەکان و مۆنۆپۆڵیدا ئەوا سەردەمەکە لەبەردەم وێرانبوونی کلتورو گەڕانەوەی بەربەریەتدا دەبێت . لەڕاستیدا، بۆ زۆربەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی (نەك تەنها ڕۆژئاواییش) ڕوونترین و تاڵترین مانیفێستەکانی قەیرانی سەرمایەداری ئابووری نییە، بەڵکو ئەو دیاردانەیە کە بەشێوەیەکی زۆر هەستیار و سۆزداریانە کاریگەری دەکەنە سەر ژیانی تایبەتی تاکەکان: تێکچون و شکستی خێزان، درمی تاوان و توندوتیژی، داڕوخانی بەهاو ئەهلاقیاتی کۆن بەبێ هیچ بەدیل و جێگرەوەیەك لە جێگەکامیاندا، بەبەردەوامی هەڵگیرسانی جەنگ- هەموو ئەمانە هەستی بشێوی و ناسەقامگیری دەتەقێننەوە، نەبوونی عقیدەو پروا بە ئێستا و داهاتوو. نیشانەکانی نەبوونی ڕزگاری لە سەرمایەداری دەرئەنجامی هەڵسانەوەی هێزەکانی بەرهەمهێنانە دژ بە خاوەندارێتی تایبەتی سنوردار و دەوڵەت نەتەوە.

ئەوە مارکس بوو کە گریمانەی دووڕێگای کرد لەبەردەم ڕەگەزی مرۆییدا: سۆشیالیزم یان بەربەریەت. دیموکراسی فۆرماڵ کە کریکارانی ئەوروپا و ئەمریکای باکور بەشتێکی ئاسایی دادەنێن بناغەیەکی زۆر ناسکی هەیە کە توانای مانەوە و ڕزگاربوونی لە ململانێی چینەکان ناگرێت. بەمانایەکیتر، بۆ شەڕی سەرمایەداری و دەسەڵات، کرێکاران نابێت تەنها پشت بە دیموکراسی فۆرماڵی ئەوروپا و ئەمریکای باکور ببەستن چونکە ئەم دیموکراسییە بناغەیەکی ناسکە و کرێکاران تووشی شکست دەکاتەوە بەرامبەر بە سەرمایەداری. بۆرژوای بە کلتور لە داهاتوودا سڵ و دوودڵی لە گۆرینی ئاراستەی خۆی لە دیموکراسییەوە بەرەو دیکتاتۆری ناکاتەوە. هەروەها هێزی بەربەری لە خراپترین شێوەکانیدا لەژێر ئەم پەردە تەنکەی کلتورو شارستانیەتی مۆدێرندا خۆی حەشارداوە. ڕووداوەکانی ئەم دوایەی بەڵکان نموونەی درەوشاوەی ئەم ڕاستییەن.  نۆرمە شارستانیەکان بە ئاسانی تێکدەشکێن و دەبنەوە بە شەیتانە لەبیرکراوە کۆنەکان و پاشان بەسەر شارستانیترین نەتەوەدا زاڵدەبن. بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، مێژوو وەك چۆن ئاگای لە هێڵی بەرەوپێشچوونە بەڵام هێڵی گەڕانەوەشی بیرنەچووەتەوە!

بەهۆی ئەمەوە پرسیارەکە بە توندی و ڕوونی دادەڕێژینەوە: لە ماوەی داهاتوودا، یان چینی کرێکار حوکمی کۆمەڵگا دەگرێتە دەست و سیستمی بەسەرچووی سەرمایەداری بە نەزمێکی تری کۆمەڵایەتی بناغەبەستوو بە عەقڵ و هێزەکانی کارو ئاگایی ژن و پیاو و کۆنترۆڵیان بەسەر ژیان و چارەنووسی خۆیاندا جێگەیدەگریرێتەوە، یان ڕووبەڕووی وێرانبوون و داڕووخانێکی مەترسیداری کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتوری دەبینەوە. بۆ چەند هەزار ساڵێك کلتور مۆنۆپۆلی کەمینەیەکی ئیمتیازداربووە، لەکاتێکدا زۆرینەی مرۆڤایەتی لە مەعریفە و زانست و هونەر و حکومەت وەدەرنراوە یان بێبەشکراوە. هەمان شت لە ئێستاشماندا ئامادەیە. سەرەڕای هەموو نمایشەکانمان بەڵام بەڕاستی ئێمە شارستانی نین. جیهانەکەمان شایستەی ئەم ناوە نییە. جیهانێکی بەربەرییە، مرۆڤی ئێستا ئەو بوونەوەرەیە کە دەبێت بەسەر ڕابردوویەکی بەربەریدا زاڵبێت. مانەوە لە ژیان بۆ زۆرینەی مرۆڤی سەر هەسارەکەمان ململانێیەکی ڕەق و توندە، نەك تەنها لە وڵاتە ناگەشەسەندووەکان بەڵکو لە لە وڵاتە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکاندا . هەرچەندە، ماتریالیزمی مێژوویی بۆ دەرئەنجانی ڕەشبینانە بانگهێشتمان ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە گەشبینمان دەکات بەرامبەر بە داهاتوو. ئاراستەی گشتی مێژوومان هەمیشە بەرەو ئاراستەی پێشکەوتنی زیاتر و دەرکەوتنی ووزەو پوتێنشیاڵی بەرهەمهێنان و کلتوری بووە. دەسکەوتە گەورەکانی سەد ساڵی ڕابردووی مرۆڤایەتی بۆ یەکەمجارە دۆخێکی هێناوەتە گۆڕێ کە چارەسەری هەموو ئەو کێشانەی ڕوبەڕووی مرۆڤایەتی دەبنەوە بە ئاسانی چارەسەردەکەن. لە ئاستێکی جیهانیدا پوتێنشیاڵی کۆمەڵگەی بێ چین ئامادەیە. ئەوەی پێویستە بکرێت هێنانەکایەی پلانێکی عەقڵیانەو هارمۆنی هێزەکانی بەرهەمهێنانە بۆ ناسینەوەو دانپێدانان بەو پوتێنشیاڵە گەورەدا . لەسەر بناغەی شۆرشێکی واقیعی لە بەرهەمهێناندا، مومکینە بگەین بە ئاستی پری و کیفایەت لە بەرهەمهێناندا بۆ ژن و پیاو تا ئەو ڕادەیەی چیتر خەمی پێداویستییە ڕۆژانەییەکانمان نەبێت. ئەو خەم و دوودڵییە ترسناکەی کە هەموو کاتژمێرێك سەری مرۆڤی بیرکەرەوەی خواردووە کۆتایی پێدێت. بۆ یەکەمجار،

مرۆڤی ئازاد دەبێتە ئاغای چارەنووس و داهاتووی خۆی. ئیتر لەو ساتەوە مێژووی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی دەستپێدەکات..

---

[1]ئیکویلیبریا یان پەنکچووەیتد ئیکویلیبریا  تیۆریی بایۆلۆژیی پەرەسەندنی "ستیڤن جەی گوڵد"ە، کە پێیوایە پەرەسەندن بریتییە لە قۆناغی درێژ خایەنی سەقامگیر، واتە گۆڕان لەناو پەرەسەندندا هەندێك چرکەساتە لە کۆی مەودا درێژە سەقامگیر و نەگۆڕاوەکاندا، بەدەرپرینێکیتر، گۆڕان بریتییە نییە لە جوڵەی بەردەوامی نێو ئەم پرۆسەیە بەڵکو سەقامگیریی(وەرگێر).

[2]هۆمۆساپییەن بریتییە لە جۆری مرۆڤی مۆدێرن، نەك وەك جۆری مرۆڤە سەرەتاییەکان بەڵکو مۆدێرن(وەرگێر).

[3]فۆرمی باڵای تیۆلۆژیا و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحییەتی ڕۆژئاوا بوو لە ژێر کاریگەری فەلسەفەکەی ئەرستۆدا(وەرگێر).

[4]هۆزێکی ئەڵمانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا بوو

[5]ئەو کەسانەن کە لە سەردەمی مەلیکە ڤیکتۆریا "سەدەی نۆزدە"ی ئینگلاندا دەژیان(وەرگێر).

[6]لە ئاینی مەسیحیەتدا ئەم وشەیە (ئەپۆکلپس) ناوەڕۆکی کتێبی ڕێڤیلەیشنە کە پێشبینی و دیدگا ڕەمزییەکانی دەربارەی کۆتایی دونیا لەخۆدەگرتووە(وەرگێر)

[7]ئەو خەڵکانە بوون کە لە چاخی برۆنز تاکو ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی پێش زاین دەسەڵاتیان بەسەر ڕۆژئاواو ئەوروپای ناوەندا هەبوو(وەرگێر)   .

[8]ئەو هۆزانە بوون کە لە باکوری ئەوروپاوە لە سەدەی پێنجەوە بۆ ئینگلاند کۆچیانکرد و دەسەڵاتی پاشایەتییان پێکەوە لەگەڵ گووتەکان دامەزراند(وەرگێر).

[9]زمانێکە کە لە نێوان قسەکەرانی دوو زمانی جیاوازدا دەبێت بە میدۆم یان زمانی هابەشی پەیوەندیکردن و قسەکردن لەنێوان هەردوولادا(وەرگێر)

[10]ئەو پارچە دارەیە کە دەخرێتە سەر مل یان ژێر ملی دوو ئاژەڵ کە پێکەوە جووتدەکەن بۆ ئەوەی هەردووکیان هاوسەنگ بکات و بە یەك خێرای و لە ئەك ئاستدا زوییەکە بکێڵن.

[11]ئەو پارچە دارە ئەستورەیە کە (گاوەسن)ی پێوەتووند دەکرێت بۆ جووتکردن(وەرگێر).

[12]ئاسنێکی نووك تیژەو لە هێشەکە دەبەسترێت بۆ ئەوەی بچەقێتە سنگی ئەرزوکەدا بۆ هەڵیبدڕینی(وەرگێر).

[13]دار یان کوتەکێکە کە بۆ لێدانی "گا" یان هەر ئاژەڵێکیتر بەکاردێت کاتێك دەوەستێت یان نایەوێت جووتبکات کە زۆرکات نەقیزەیەکیشی پێوەیە بۆ ئازاردنی ئاژەڵەکە بۆ هەمان مەبەست(وەرگێر).

[14]قفە هەندێك ناوچەی "گەرمیان"ی کۆندا بۆ "کۆکە" بەکارهاتووە، لە ئێستاشدا هەندێك کەس بەکاریدەهێنن(وەرگێر).

[15]ئامێرێکی گریمانەییە کە بۆ گەشتکردن بۆ ڕابردوو و داهاتوو بەکاردێت(وەرگێر)

[17]چاخی بەردینی نوێیە کە لەم قۆناغەدا هەندێ ئامێری کانزای داهێنرا و کشتووکاڵ و ئاژەڵداریش لە گەشەکردندابوو تێیدا(وەرگێر).

[18]یەکێك لە سیاسییە چاکسازەکانی ئەوکاتی ڕۆم بوو کە لە دژی موڵکدارە دەوڵەمەندەکان و بەرژەوەندی هەژاراندا چاکسازی لە یاسای موڵکایەتی و زەوی و زاری کشتوکاڵیداکرد(وەرگێر) .

[19]ڕەوایەتیدانی تەواوە بە دونابینی سوبژێکتیڤانە، بنەمای سەرەکی بریتییە لەوەی کە چالاکی عەقڵی قابیلی پرسیار نییە یان کۆی مەعریفە سوبژێکتیڤەو حەقیقەتی دەرەکی بوونی نییە(وەرگێر).

[20]قوتابخانەیەکی فەلسەفی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بوو کە پڕوایان بە پەیوەندی پتەوی نێوان حەتمەیەت و ئازادی مرۆڤ هەبوو. شەڕی خۆلادانی هەست و سۆزیان دەکرد چونکە بە دەرئەنجامی هەڵە پڕیاردانیان دەبینی نەك حەتمییەت(وەرگێر)

[21]ئەو شوێن پێیانەیە کە ئەسپسوار لە کاتی غاردانی ئەسپدا پێدەخاتە سەری و بە ئەملاولای ئەسپەکەدا شۆڕبوونەتەوە(وەرگێر).

[22]لە مۆلیوکیولا بایۆلۆجی مۆدێرندا، جینۆم بریتییە لە ماتریاڵی جێنەتیکی هەر ئۆرگانیزمێك، زانیارییە بۆ ماوەییەکانی دی ئێن ئەی و ئاڕ ئێن ئەی(وەرگێر).